
# قوة المسامحة

# هێزی لێبوردن



قصص
واقعية
ستغير مجرى
حياتك

چیرۆکی
ڕاستەقینە کە
ئاڕاستەی ژیانت
دەگۆڕێت

## هێزی لێبوردن

لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا (هێزی لێبوردن) دەخوێنیتەوە ، چیرۆکی ڕاستەقینە بۆ کەسانێکی واقعی ڕووبەڕووی بەرنگاریی لێبوردن و گوناهبەخشین بوون ، جا ڕێگەی ئازادبوون لە کۆتی ڕق و کینەیان دۆزیەوە ، بنەمای سەرەکەی کە لەم چیرۆکانە دەیاندۆزیتەوە ئەوەیە کە خودا خۆشەویستیە ، ئێمەش دەتوانین ئەم خۆشەویستیە خودایە تاقی بکەینەوە لە هەموو ڕووداوەکانی ژیانمان تەنانەت ڕووداوە ئازاربەخش و تاڵەکانیش .

## قوة المسامحة


تقرأ على صفحات هذا الكتاب ( قوة المسامحة ) قصصاً حقيقية لأشخاص واقعيين واجهوا تحدي المسامحة والغفران ، فاكتشفوا طريق التحرر من قيود الحقد والكراهية ، لينطلقوا احراراً في سماء الفرح وسلام القلب والروح . والمبدا الرئيسي الذي ستكتشفه من خلال هذه القصص المشوقة ، هو ان الله محبة ، واننا نستطيع ان نختبر هذا الحب الالهي في جميع احداث حياتنا حتى المؤلمة والمريرة منها.

**www.musamaha.com**



لەباتی حەزی تۆڵەسەندن و مافی خۆم بەدەستی خۆم ببەم ، فێربووم چۆن لێبوردە بم وببەخشم .

**دڵسۆز** - ئافرەتێك کە سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە



پێشتر کینەم لەدڵا بوو ، پێشتر ڕقم دەبووەوە ، بەرامبەر هەمووان کینەم هەبوو ، بەڵام فێربووم دوژمنانی خۆمم خۆشبوێ و بەرەکەتیان بکەم .


**سەعەد** - دیلێکی عیراقی پیشوو ، ١٢ ساڵ دەستگیرێتیی بەسەربرد





خەسووم ستەمی لێ کردم و بریینداری کردم ، هاوسەرەکەم بەرگری لێ نەکردم ، لە توندترین حەزی تۆڵەسەندەوە دا بووم ، بەڵام خۆشەویستی هاتە نێو ژیانم و لێبوردنیش لەگەڵی هات .

**شەهرەزاد** - ئافرەتێك لە باکووری عیراق



باوکم رەفتاری توندوتیژی لەگەڵا کردم ، بۆیە ڕقم لێ بوو ، بەڵام ئەو کەسەم دۆزیەوە کە فێری کردم چۆن بیبەخشم و لێی ببوورم .

**تاڵب** - بێ ئاینێکی پێشوو



# پێشەکیەکی گرنگ

مرۆڤ نیە لەسەر زەوی بە هەڵوێست و ڕووداوی ئازاربەخش لەسەر دەستی کەسانی جۆراوجۆر تێنەپەڕێت ، کە هەندێ جار لە ئێمەوە دوورن و هیچ پەیوەندییان پێمانەوە نیە ، بەڵام هەندێ جاریش نزیکترین کەسمان دەبن . زۆرینەی جارەکان وەکو ئەو ڕووداوانە برین و کەلێنی قووڵ لە نێو دڵمان دا بەجێ دەهێڵن کە چاك نابنەوە و کاتیش نایانسڕێتەوە ، بەڵام ئەوەی بەڕاستی سەختە ، کاتێ ئەو برینانە وا دەکەن دڵمان پڕ بێت لە ڕق بەرامبەر ئەو کەسانە و حەز بکەین تۆڵەیان لێ بستێنین ، ئەو کاتە دەکەوینە نێو گێژاوێکی ترسناك ، کە یەکەمحار ئازار و ئێش بە خۆمان دەگەیێنێت پێش کەسانێکی تر ، کاتێ هەستی کینە و ڕقبوون لە ناوەوە دەمانخوات ، جا کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندی و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانمان ، وە دەمانخاتە نێو تونێلێکی تاریك کە هیچ تروسکەیەکی ڕووناکیی تیادا نیە ، ئەنجامی کۆتایی زاڵبوونی ڕقبوون لەسەرمان ئەوەیە کە هەموو هەستێکی ئیجابی لە نێو دڵمان دا دەکوژێت و بوونمان دەڕووخێنێت و پەیوەندیەکانمان دەپچڕێنێت و ئایندەمان لەناودەبات و تەواوی ژیانمان دادەڕوخێنێت .

ڕەنگە حاڵەتی تۆ بەم خراپیە نەبێت ، بەڵام لەم کتێبەدا چیرۆکی خەڵکانێکی جیاجیا دەخوێنیت ، کە تووشی وەکو ئەم ڕووداو و هەڵوێستانە بوونە کە ڕەنگە لە ژیانت دا تووشی تۆش بوونە ، هەندێکیان بکوژ و تاوانباران ، هەندێکیشیان کینەلەدڵ و حەز بە تۆڵەسەندن ، هەندێکیان بێزار بوو لە سەختیی ژیان و بڕیاری دا کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێ بە هەوڵدانی خۆکوشتن ، هەندێکشیان ژیانێکی بەسەربرد بە ناونیشانی ئازار و ئێش و بەدبەختی . کاتێ چیرۆکەکانیان دەخوێنیتەوە ، ڕەنگە چیرۆکی خۆت ببینی کە

بەرجەستە بووە لە تاقیکردنەوەی کەسێکیان ، بەڵام بۆت دیاردەکەوێ کە ئەو کەسانە یەك تاقیکردنەوەیان هەبووە ، بۆیە چیرۆکەکانیان بە هاوشێوەی یەکتر تەواو دەبێت. هەموویان بەرکەوتنی بەسۆز و شیفابەخشی خودایان تاقی کردووەتەوە ، بەرکەوتنی خۆشەویستی و میهرەبانی ، کە دەروونیان چاك کردووەتەوە و ژیانیان گۆڕیوە و لێبوردنیان پێ بەخشیوە . لەگەڵ هێزی گۆڕین کە لە ژیانی نوێیان تاقی کردووەتەوە ، هێزی لێبوردنیان تاقی کرووەتەوە کە لە ناخیاندا ڕووەو خەڵك تەقیوەتەوە ، جا ئازادیان دەکات و خەڵکیش ئازاد دەکات لە کۆتی کینە و ڕقبوون کە ساڵانێك لەگەڵیدا ژیاون .

لەسەر لابەرەکانی ئەم کتێبەدا (هێزی لێبوردن) دەخوێنیتەوە ، چیرۆکی ڕاستەقینە بۆ کەسانێکی واقعی ڕووبەڕووی بەرنگاریی لێبوردن و گوناهبەخشین بوون ، جا ڕێگەی ئازادبوون لە کۆتی ڕق و کینەیان دۆزیەوە، بوون بە کەسانێکی ئازاد لە ئاسمانی خۆشی و ئاشتیی دڵ و ڕۆح . بنەمای سەرەکەی کە لەم چیرۆکانە دەیاندۆزیتەوە ئەوەیە کە خودا خۆشەویستیە، ئێمەش دەتوانین ئەم خۆشەویستیە خوداییە تاقی بکەینەوە لە هەموو ڕووداوەکانی ژیانمان تەنانەت ڕووداوە ئازاربەخش و تاڵەکانیش .

ئەگەر حاڵەتت ، پێشینەت ، رەگەزت ، پیاو بیت یان ژن ، هەرچیەك بیت ، تۆ ژوانێکت هەیە بۆ دۆزینەوەی مەزنترین دۆزینەوە لە گەردوون ، ژوانێکت هەیە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی چۆن خۆشەویستیی خودا بدۆزیتەوە و چۆن هێزی لێبوردن و گوناهبەخشین لە ژیانت دا بدۆزیتەوە .

# تاڵب - بێ ئاینێکی پێشوو

**هێزی ئەم رەوتە ناوازەیە منی بردەوە کە فێری کردم چۆن خەڵکم خۆش بوێ و ببورم و ئەو کەسانە ببەخشم کە خراپەم بەرامبەر کردووە، چونکە میحوەری بوون خۆشەویستیە ، خۆشەویستیش خۆی خودایە .**

کە شیوعیەکك بیت و نکۆڵی لە بوونی خودا بکەیت ، ئەوە شتێکی باوە و هیچ بەرنگارییەکی تیادا نیە ، بەڵام لە شیوعیێکی بێ ئاین بگۆڕێیت بۆ باوەڕدارێك بە خودا و پابەند بیت بە خۆشەویستیەکەی ، ئەوەیە بەرەنگاریی ڕاستەقینە کە تەنها بەرهەمی ئەو تاقیکردنەوەیە کە بیر و قەناعەت دەگۆڕێت ، جا دەبێتە هۆکاری گۆڕانکاری گشتگیری ژیان .

ناوم (تاڵب) ە ، لە بەغدادم ، لە خێزانێکی گەورە لەدایکبووم کە لە ٨ خوشك و برا پێك دێت و من گەورەیان بووم ، خێزانەکەم لە دووبەرەکی بیرکردنەوەدا بوو ، بەشی زۆری باوەڕی بە بوونی خودا هەبوو، بەڵام باوکم لە دامەزرێنەرەکانی بزوتنەوەی شیوعی بوو کە نکۆڵی دەکات لە بوونی . بیرۆکەکانی باوکم زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم جا من و یەکێك لە بارکانم چوینە پاڵی رەوتەکەی و لەسەر بەرنامەی ئەو دا دەڕۆیشتین ، بەرنگارییەکانی ژیان و ململانیە مرۆییەکان وایان کرد زیاتر نکۆڵی بکەم لە بوونی خودا لە دڵم . هەرچەندە بیرۆکەکانی باوکم کاریگەریان لەسەرم هەبوو و هەوڵم دەدا لەسەر ڕێبازی ئەو بڕۆم ، بەڵام ئەو زۆر توندوتیژ بوو لەگەڵم ، لەبەرئەوەی کوڕی گەورەی ماڵ بووم رەفتاری لەگەڵم زۆر توند بوو ، هەروەها زۆر جاریش ناچار دەبووم بەرپرسیارێتی خێزانەکەم بگرمە ئەستۆ کاتێ باوکم زیندانی دەکرا یان دەردەکرا بۆ دەرەوەی عیراق ، بەمشێوەیە رقبوونێکی زۆر لە ناخمدا بەرامبەری پەیدا بوو .

کاتێك هات من و براکەم تووشی چەوساندنەوە بووین بەهۆی بیری شیوعیمان ، لە کاری خۆم فەسڵ کرام بۆیە بریارم دا عیراق بەجێ بهێڵم و ڕوو بکەم لە وڵاتێکی دراوسێ وەکو وێستگەیەك تا گەیشتنی مافی



پەنابردن لە یەکێك لە وڵاتە ئۆروپییەکان . لەو قۆناغەدا هیچ حەزێکم لە سیاسەت نەما کە بوو بە یاریەك ژیانی خۆمانی بۆ لەناودەبەین ، هەروەها واتای نیشتمانم لەدەست دا ، بەڵام پرسی ئاین و باوەڕ ئەوا هیچ گرنگیەکم پێ نەدا لە ژیانم ، بەڵام ململانێیەکی شاراوە لە ناخمدا هەبوو ، تەوەری ئەو ململانێیە بوون و نەبوونی خودا بوو . لەو وڵاتەدا هاوڕێی مەسیحیم ناسی ، لە کاتی بەتاڵ گفتوگۆمان دەکرد سەبارەت بە ئاینەکان ، ڕۆژێکیان یەکێك لە هاوڕێیەکانم بانگهێشتی کردم بۆ ئامادەبوون لە کڵێسا ، بە نادڵیەوە بانگهێشتەکەم قبووڵ کرد و چووم ، خەڵکانێکی ئاشتیخوازم بینی بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی دەیزانم خودایان دەپەرست ، گوێم لە وتارێکی زۆر جوان گرت ، لە کۆتاییدا قەشەکەم ناسی کە بە بزەیەکی پان

## هەڵبەستراوەی تاڵب

**ئەم وشانەم بۆ عیسا نووسی :**

**تۆیان بە ئەرخەوان پۆشی گەورەم بە بەرگی ژیان تۆ ئەوانت پۆشی**

**تاجی دڕکینت بۆ چنی گەورەم تۆش تەوقی ڕزگاریت پێ دان**

**ئەوان سرکەیان پێت دا تۆ ئاوی ژیانت پێ دان**

**ئەوان بزمارڕێژیان کردی و نەیانزانی کە مەسیحەکەیان لەسەر خاچ بزمارڕێژ کرد و سەرکەتوو بوو**

**هەڵت واسین کەچی دروستکەری خۆر و ئاویت**

**گاڵتەیان پێت کرد و تۆ خوداوەندی شکۆمەندی و خاونی گەردوون و زەمانەیت**

**لەسەر کراسەکەت تیروپشکیان کرد و تۆ زانای غەیب و قەزا و قەدەریت**

**تیریان پێت چەقاند گەورەم و خوێنت گوڵی لەنێو بەرد ڕوا**

**ئەی خۆشەویستم لە ئاوی لاتەنیشتی تۆ زەویمان پڕ بوو لە شنەبا و ڕووبار و دار**

**سەرت دانەواند ، زەوی هەژا ، پەردەی پەرستگا دوولەت بوو و لەناوچوو**

**بەمردنت ژیان سەرکەوتوو بووو و مردن تیایدا مرد و خۆی کوشت**

پێشوازی لێ کردم و کتێبێکی پێم بەخشی تاکو بیخوێنمەوە و وتی : ئامادەبوونت بۆ ئێرە بە ڕێککەوت نەبوو ، بەڵکو بە ڕێکخستنی خودا . کتێبەکەم برد و سوپاسیم کرد ، کاتێ گەڕامەوە بۆ ماڵ بینیم کە کتێبی ئینجیلە ، کردمەوە و کەمێکیم خوێندمەوە بینیم کۆمەڵە چیرۆکێکە ، فڕێم دا لایەکەوە و گەڕامەوە بۆ ژیانی کردەیی و سەرقاڵی کە تیایدا نوقم بووبووم . ڕقبوونم لە باوکم بوو ، لە حکومەت کە زیندانی کردم و ئازاری دام و هێشتا لەدڵم دەخوات و دڵم پڕ دەکات لە تاڵی . دوای یەك حەفتە لە کاتی پشووی نیوەڕۆ گەڕامەوە و ئینجیلەکەم خوێند ، وتاری مەسیح لەسەر چیاکەم خوێند کە دەفەرمووێ «دوژمنەکانتان خۆش بوێ ، بەرکەتی ئەوانە بکەن کە نەفرەتتان لێ دەکەن ، چاکە بکەن بۆ ئەوانەی ڕقیان لێتانە ، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بۆ دەکەن و قاوتان دەدەن» . (ئینجیلی مەتتا ٥:٤٤) ، هەر ئەوەم زانی کە فرمێسکەکانم لە چاوم دەڕژێن و ئەو بارودۆخە سەخت و ڕووداوە ئازاربەخشانەم بەبیر هاتەوە کە لەژیان ڕوویان دابوو، بیرم لەو لەیەکتر نەچوونەی ئەم وشانەم کرد لەگەڵ ئەو بنەمایانە کە لەسەری گەورە بووم (چاو بە چاو ددان بە ددان) ، هەستم کرد ئەم قسە میسالیە و ناکرێ کەس پێی بگات . لە لوتکەی ئەو ململانێ بیریە بەردەوام بووم لە خوێندنی ئینجیل .

دوایی بینیم کە ڕاکێراوم بۆ کەسی مەسیح ، لە ئامۆژگاریەکانی و شێوازی ژیانی بینیم شۆڕشێك بەسەر خود هەیە . وردە وردە ئەم بیرۆکەیەم بەدڵ بوو و هێزی ئەم ڕەوتە ناوازەیە منی بردەوە و فێری کردم چۆن خەڵکم خۆش بوێ و لێبوردە بم و ئەوانە ببەخشم کە خراپەم بۆ کردوون ، چونکە تەوەری بوون خۆشەویستیە ، خۆشەویستیش خودایە . بەمشێوەیە بینیم مەسیحم خۆشدەوێ ، باوەڕم گەشەی کرد ، گەڕامەوە بۆ پەیوەندی لەگەڵ باوکم و لەگەڵ خەڵك ، بۆم دەرکەوت کە شتێك لە دڵم گۆڕاوە ، چونکە هەموو ئو ڕقە کە لە دڵم دا بوو نەما و وام لێ هات باوکم خۆش بوێ و خەڵکیش . بابەتی لێبوردن و بەخشین پێشتر لە بیرم نەبوو ، بەڵام مەسیحیەت فێری کردم کە پەیوەندی ڕاستەقینە نێوان من و خودا بە لێبوردن دەست پێ دەکات ، چونکە چۆن داوای لێبودرن لە خودا بکەین بۆ خۆمان ئەگەر ئێمە نەزانین لەخەڵك بوورین ؟

# لیزا - کچێکی بەخێوکراو



بۆم دەرکەوت کە دایکێکیی تر منی بەخێو کردووە ، جا هەستم کرد لە کاتی لەدایکبووممەوە رەتکراوم . ڕقم هەستا و کینەم هەبوو بەرامبەر دایکی ڕاستەقینەم کە خێزانی مامم بوو ، بیرم لە خۆکوشتن کرد ، بەڵام خودا بینینێکی دیکە و ئامانجێکی دیکەی هەبوو بۆ ژیانم .

هەستت چۆن دەبێت ئەگەر ڕۆژێکیان لەگەڵ یەکێك لە خزمەکانت دابنیشیت و باس بکەیت ، بۆت دەرکەوێ کە تۆ سەر بە دایك و باوکت نیت ؟ ئایا هەست بە شۆك دەکەیت ؟ ئایا دڵت پڕ دەبێت لە خەم و تاڵی ؟ ئایا ڕقت لە هەموو کەسێکی دەوروبەرت دەبێت تەناتەت خۆشت ؟ یان هەموو ئەم هەستە جیاوازانە کۆ دەکەیتەوە و کەسێکی بەدبەختت لێ دەردەچێت کە نوقمی تاریکایی نەگبەتی و هەستی خراپ بە ڕەتکردنەوە و قبووڵ نەکردن دەبیت ؟

ناوم (لیزا) یە ، لەدایکبووی بەغدادم ، لەنێو خانوویێك لەدایك بووم کە دوو خێزانی تیادا بوو ، خێزانی خۆم کە لە دایکم و باوکم و من پێکهاتووە ، هەروەها خێزانی مامم و هاوسەرەکەی و کوڕ و کچەکانیان . هەر لە منداڵیەوە هەستێکی نامۆم هەبوو بەرامبەر بەو خێزانە ، مەودایەك هەبوو من لە ئەوان جیا دەکردەوە و نەمدەزانی هۆکار چیە ، ماڵمان پڕ بوو لە هەموو جۆرە کێشەیەك کە بەرچاوترینیان نەبوونی لەیەك تێگەیشتن و ناتەبایی بەتایبەت نێوان من و ئەوان . بەمشێوەیە لە منداڵیمەوە گیرۆدە بووم بە هەستی تەنیایی و نەبوونی خۆشەویستی ، ململانێی من ئەوە بوو هەستم دەکرد لەنێو جیهانێکدام ئیجگار جیاوازە لەگەڵ ئەم جیهانە وا خەڵك تیایدا دەژی ، بەمشێوەیە حاڵی من بەرداوم بوو تا تەمەنم گەیشتە نۆزدە ساڵان ، کە تووشی گەورەترین شۆك بووم لەژیانم کاتێ لەڕێگەی خزمێکمەوە بۆم دەرکەوت من کچی ئەم دایك و باوکە نیم ، بەڵکو بەخێویان کردووم . ئەو ساتە توندترین ساتەکانی ژیانم بوو ، هەستم کرد کەسێکی بێ بەهام و هەر لەکاتی منداڵێتیمەوە کە چاوم کردووەتەوە ڕەتکراوم ، هەستی نائومیدی و تاڵی زاڵ بوو بەسەرم تا ئەو ڕادەیە کە ویستم خۆم بکوژم ، بەڵام خودا بینینێکی دیکە و ئامانجێکی مەزنتری هەبوو بۆ ژیانم .

دوای ئەوەی ڕاستیەکەم زانی ژیانم بەردەوام بوو بەڵام سەختتر بوو ، چونکە ئەو ڕاستە کە زانیم هەستی نەخۆشەویستی منی کردە کینە و ڕقبوون بەتایبەت بەرامبەر بە دایکی ڕاستەقینەی خۆم کە بۆم دەرکەوت هاوسەری مامی منە ! نەمتوانی تێبگەم تا دوای ماوەیەکی زۆر کە هەموو ئەوەی ڕووی دا بە ڕێکخستنی خودا بوو ، چونکە هەموو شتە جوانەکان کە لەژیانم فێری بووم لە دایکم فێری بووم کە بەخێوی کردم، هەرچەند من پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەم دەکرد کە فێری کردم ، وشەی برینداركەر و قسەی توندم ئاڕاستەی دایکی ڕاستەقینەی خۆم دەکرد و دەمووت : من تۆم خۆشناوێ ، هیوادارم ئەو ڕۆژە ببینم کە دەمریت . لە ناخی خۆم پرسیارم دەکرد : بۆچی منی خۆشنەویست ؟ بۆچی منی فڕێ دا ؟ ئەم بیرۆکانە زاڵ بووبوون بەسەر بیرکردنم و ماندوو دەبووم لەڕووی دەروونی و جەستەیی و ڕۆحی .

ئینجا ئەو کاتە هات کە مزگێنیەکی مەزنم دۆزیەوە ، ئەویش ئەو ڕزگاربوونەیە کە خوداوەند عیسای مەسیح هێنای ، قبوولم کرد لەژیانم ، بەڵام ئەو شتە یارمەتی نەدام بۆ چارەسەرکردنی دەروونم و سارێژکردنی برینەکانی ناوەوەم ، هێشتا هەستم دەکرد رەتکراوم و دەمناڵاند بەدەستی ئەوەی کە ناتوانم خۆم خۆشبوێ . لەگەڵ قبووڵکردنم بۆ مەسیح سەردانی کڵێسام دەکرد ، لەوێدا شووم کرد بە مرۆڤێکی ناوازە . لەگەڵ ئەوەی کە دەزانیم مەسیح هەموو گوناهەکانی منی بەخشیوە و منی وەرگرتووە وەکو خۆم، بەڵام نەمتوانی لە دایکم خۆشبم و ئەو شتەم ئاشکرا دەکرد بۆ هەر کەسێك باسی ئەم بابەتەی بکردایە ، بەتایبەت هاوسەرەکەم کە زۆر باسی لێخۆشبوونی بۆ دەکردم و هانی دەدام لێبودرنم هەبێت ، ساڵانێکی زۆری بەسەر برد و هەوڵێ لەگەڵم دەدا بەڵام من ئامادەبووم لە دوژمنم خۆشبووم ، بەڵام نەك دایکم ، ئەستەمە ، چونکە کردەوەی دایکم و ئەو برینەی کە لەدڵمی هێشتەوە لە توانای لێبوردنی من گەورەتر بوو.

ئەم ڕق و کێنەیە هەموو هەستێکی خۆشیم لێ زەوت کرد ، ئامادەی زۆر لە کۆبوونەوە ئایینیەکان بووم بەڵام سوودی نەبوو ، دەڕۆم بۆ کڵێسا تاکو نوێژ بکەم ، دەردەچم وەکو ئەوەی چوومە ژوورەوە ، ساڵ دوای ساڵ تێپەڕبوو من هێشتا لەشوێنێ خۆم مابوومەوە بێ هەستکردن بە خۆشی . تا ڕۆژێك هات براکەم تووشی ڕووداوێك بوو ، ئەو رۆژە دەرفەتی خۆم بوو تاکو هەموو ئەوەی لە ناخمدا بوو دەربهێنم ، چووم بۆ ماڵی خۆمان خۆشکەکەم بینی و زۆر قسەم لەگەڵی کرد و هەموو شتێکم بۆ دەرخست هەموو ئەو شتانە کە دڵتەنگم دەکات بەامبەریان ، ئەو رۆژە بوو کە خوداوەند چاکی کردمەوە لە هەموو برین و ئازارەکانی ڕابردوو .

ئەو رۆژە هەستکردن بەخۆشیم تاقی کردەوە ، هەروەها تاقیکردنەوەی لێبوردن بەرامبەر دایکم و بەرامبەر خوشك و براکانم . لەو ڕۆژە بۆم دەرکەوت کە من ئەوانم خۆشدەوێ بەڵام دیوارێکی بەرز هەبوو جیامان دەکردەوە بەڵام ڕوخا تەنها بە قسەکردن لەگەڵ خۆشکم . لەو کاتەوە پەیوەندیم لەگەڵ خوشك و براکانم زۆر ئاسایی بووەوە ، یەکترمان خۆشدەوێ ، بەڵام دایکی ڕاستەقینەم کە هێشتا زیندووە ئەوا لێبەخشیم بە هەموو دڵمەوە و لەو رۆژەوە دەستم کرد بە لاپەرەیەکی نوێ ، لاپەرەیەك بەناونیشانی خۆشەویستی و لێبوردن ، بەم شێوەیە گەڕامەوە باوەشی خێزانەکەم .

راسپاردەم بۆ هە کەسێك کە ئەمڕۆ چیرۆکی من
دەخوێنێتەوە ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە دەبێ وەکو
مرۆڤێك بیبەیت دەبێ لێبوردە بیت و ببەخشیت ،
تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە وا خراپەی بۆت کردووە
مردووە یان کۆچی کردووە بۆ شوێنێکی دوور و ئیتر
نایبینیت ، دەبێ لێی بووریت ئەگەر حەز دەکەی
وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بژیت و ژیانێك پڕ لە ئاشتی و
خۆشەویستی و خۆشیت هەبێت .





**ناکرێ کینە کینە قاو
بدات ، هەروەها
جنێویش جنێو
ناسڕێتەوە ، ئاگریش
ئاگر ناکوژێنێتەوە،
بەڵکو بەرنگاری
خراپە بکە بە
چاکە .**

Photo: www.sxc.hu – Nossirom


ئەگەر ویستت حوکمت بەسەر خەڵك دادپەروەرانە
بێت ، دەبێ هەمیشە گوێ لە بەرامبەرەکەت بگری ،
ڕاستیەکانیش لە یەك لاوە نەبەیت .



چونکە مافی هەموو مرۆڤێکە هەڵوێستی خۆی ڕوون
بکاتەوە و مافی خۆشیە بەرگری لە خۆی بکات .

Photo: www.sxc.hu – lusi

ئاسانە ڕقت بێت و تۆڵە بکەیتەوە لەو کەسە کە ئازارت دەدات ، گرانیشە ئەگەر لێی ببوریت ... بەڵام باش لەبیرت بێت ، مرۆڤ چی بچینێت هەر ئەو شتە دروێنە دەکات .





لێبوردن لاوازی نیە وەکو هەندێ کەس
تێگەیشتووە ... بەڵام لەڕاستیدا گەوهەری
هێزە ... چونکە هەمووان ئەو شتەیانە نیە .

# سەعەد

## دیلێکی عیراقی پیشوو، ١٢ ساڵ دەستگیرێتیی بەسەربرد

**پێشتر کینەم لە دڵ بوو ، پێشتر ڕقم دەبووەوە ، پێشتر بەرامبەر هەمووان کینەم هەبوو ، بەڵام فێربووم دوژمنانی خۆمم خۆش بوێ چونکە مەسیح ڕزگاری کردم و فێری کردم هەموو خەڵکم خۆش بوێ ... تەنانەت دوژمنانیشم .**

ئایا دەزانی کینەی رەش چی دەکات کاتێ پڕ دڵت دەبێت ؟ ڕۆحت دەروخێنێت ، جا وات لێ دەکات رقت لە خۆت بێت و ڕقت لە هەموو مرۆڤایەتیش بێت ، منیش هەر وا بووم پێش ئەوەی مەسیح قبووڵ بکەم و ژیانم بگۆڕێت ...

ناوم (سەعەد)ە ، عیراقیم خەڵکی بەغدادم ، لە خێزانێکی سادە لەدایکبووم پر لە هاوکاری و شانبەشانی یەکتر . دوای ئەوەی خوێندنم تەواو کرد چووم بۆ سەربازی کە ئەو کاتە جەنگی عیراق و ئێران لە لوتکەیدا بوو ، جا لە یەکێك لە هێرشەکان دەستگیر کرام و ، ڕەفتارێکی زۆر خراب لەگەڵ جۆرەها ئەشکەنجەدان و ئازرمان بینی کە پێشتر لەژیانم شتی وام نەدیبوو ، لەسەر زەوی دەخەوتین بەو سەرمایە ، دەماننالآند بەدەستی برسێتی و پیسی ، ڕێگەیان پێ نەدەداین خۆمان بشۆین تەنها دوو حەفتە جارێك . ئەم شێوە ڕەفتارە نا مرۆییانە کینەیەکی گەورەی لە ناخمدا بەرامبەریان پەیدا کرد ، چەوساندنەوەی بەردەوامیان وای کرد ڕقم زیاتر بێت .

لەنێو ئەو بارودۆخ و ڕووداوە سەختانە ، کەسێکی مەسیحیم ناسی ، ئەم کەسە لای من زۆر نامۆ بوو ، چونکە لەگەڵ ئەوەی ئەویش لە هەمان دۆخ دا بوو و هەمان گیرۆدەی هەبوو وەکو ئێمە ، بەڵام ژیانێکی ئارام و ئاشتیانەی هەبوو، هەمیشە نوێژی دەکرد و کتێبی پیرۆزی دەخوێند ، بە ڕوویێکی بەخەندە و دەروونێکی دڵنیا دەڕوانیە هەمووان و خۆشەویستیەکی سەیری هەبوو بۆ هەمووان . ئەم کابرایەم دەبینی

و سەرسام دەبووم لە حاڵەتەکەی ، وەکو بڵێی دڵی خۆشە بەو بارودۆخە ، گوێ نادات بە زیندان و برسێتی و ئازاری دەروونی و جەستەیی ، هەمیشە سەرقاڵی نوێژ و ستایش و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بوو . لێی نزیك بوومەوە و بووین بە هاوڕێی یەکتر . وەڵامی پرسیارەکانی منی دەدایەوە و ئەو ڕاستی و زانیاریانەی بۆ ڕوون کردمەوە کە لای من شاراوە بوون . جا کەم کەم بڕێکی زانیاری باشم لا پەیدا بوو .

لە ساڵی ١٩٨٨ جەنگی عیراق و ئیران تەواو بوو پاشان جەنگی عیراق و کوێت هەڵگیرسا و ناچار بووین لە زیندانەکانی ئێران بمێنینەوە ئەوەش هەموو هێوایەکی گەڕانەوەی لەناوبرد .





لەو کاتەدا دەگەڕام بەدوای هەر شتێك یان هە کەسێك ڕزگارم بکات لەو ئەشکەنجەیە کە تیایدا بووم، هاوارم بۆ خودا کرد و داوای ڕزگاریم کرد لە دیلی ، پەیوەستبوونم بە خودا زیاتر بوو ، بەڵام نزیکبوونەوەم لە خودا کینەی دڵم کەم نەکردەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە کینەم زیاد بوو و ڕقی نێو دڵم مەزنتر بوو ، ڕۆژ دوای ڕۆژ باوەڕم لەدەست دا بەهۆی ئەو کینەیە ، وێنەی مرۆڤایەتی و تێگەیشتنی مرۆڤ لای من تەماوی بوو ، وام لێ هات ڕقم لە هەموو ئادەمیزاد بووەوە چونکە بوون بە هۆکاری ئازاردانم و زەوتکردنی جوانترین ساڵانی تەمەنم .

لە ساڵی ٢٠٠٠ پەرجووەکە ڕووی دا ، کاتێ گەڕامەوە بۆ عیراق دوای ١٢ ساڵ . هاتمەوە و هیوام زۆر بوو کە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەم تاکو گیرۆدەکانم لەبیر ببات ، بەڵام پێچەوانەی بۆچوون و ئارەزووەکانم بینی، بینیم باوکم کۆچی دوایی کردووە و وڵات دەناڵێنێ لەژێر ئابلوقەی نێودەوڵەتی و بارودۆخی ژیان زۆر سەختە . ژنم هێنا و ژیانم تا ڕادەیەك ئاسایی بەرێوەدەچوو ، بەڵام لە ناخمدا هێشتا دەمناڵاند بەدەستی شوێنەوار و ئازارەکانی ڕابردوو، ئەو دۆخە سەختە کە تیایدا ژیام وای کرد ڕقم لە عیراق و لە هەموو ئەوەی تیایدا بێت ، بەڵکو ڕقم تەنانەت لە خۆم و لە ژیانم بوو ، نەمتوانی بیرۆکەی ژیان لە عیراق وەربگرم، بڕیارم دا کۆچ بکەم تاکو لە وڵاتێکی دیکە بژیم ، هەروەهاش بوو دوای دوو ساڵ لە گەڕانەوەم لە دیلی .

کاتێ پەنام برد بۆ دەرەوە ، ئەو یارمەتیەم دەست کەوت کە پێویستیم پێ هەبوو ، دەستم کرد بە خوێندن و چێژم لە ژیان وەردەگرت ، بەڵام گیرۆدەی نەخەوتنی توند و درێژخایەن بووم ، هەر لە ڕۆژی بەربووغەوە لانەدەچوو ئەگەر بە خواردنی دەرمانی خەوبەر نەبوایە . لەو ماوەیە تەماشای هەندێ کەناڵی مەسیحی ناوازەم دەکرد کە ڕابردووم بیر هێنانەوە ، کەم کەم پەیوەست

بووم بەو کاناڵانە و لە بەرنامەکانیان کە بەخشیان دەکرد ، وای کرد قووڵ ببمەوە لە خوێندنەوە و بەدواداچوون ، تا گەیشتمە ئەوەی کە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی مەسیح منی گەیاند بە ڕاستی و ژیانی نوێم بۆ پەیدا بوو وە ڕزگارم بوو لە شەونەخەوتن و پێویستیم بە دەرمان نەما بۆ خەوتن . دڵم پڕ بوو بە ئاشتیەکی سەیر ، نیگەرانیم سەبارەت بە ئاینده نەما . لە نێو هەستێکی بەردەوام ژیام کە خوداوەند خۆی ڕابەرایەتیم دەکات و هەموو پیداویستیەکانم پڕ دەکاتەوە . بەڵام تاقی گۆڕانکاریەکی مەزنم کرد کە توانای لێبوردنە ، لەڕێگەی مەسیحەوە توانیم لەدوژمنانم خۆشبووم و بیانبوورم، هەروەها هەموو ئەو کینەیە کە هەمبوو بەرامبەر بەو کەسانە وا ئەشکەنجە و ئازاریان دام بیسڕمەوە و لەبیری بکەم. یەکەمجار بوو لەژیان کە توانیم خۆشیان بوێم ، بەڵکو نوێژیان بۆ بکەم ، نوێژ دەکەم بۆ ئەوەی خودا چاویان بکاتەوە و وایان لێ بکات ژیانی نوێ تاقی بکەنەوە کە من تیایدا دەژیم لەڕێگەی خۆشەویستیی مەسیح .

ئەمڕۆ دەتوانم بە متمانەوە بڵێم من وانەکە لە خوداوەند عیسای مەسیح فێربووم کە پێمان ڕادەسپێرێ و دەفەرمووێ «دوژمناتان خۆشبوێ، بەرەکەتی نەفرەتکارانتان بکەن ، چاکە بکەن بۆ ئەوانەی کە ڕقیان لێتانە، نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن و دەتانچەوسێننەوە« ( ئینجیلی مەتتا ٥:٤٤ ) ، من پێشتر کینەم لە دڵا بوو ، ڕقبوونم هەبوو ، بەرامبەر هەمووان کینەم هەبوو ، بەڵام من ئێستا دوژمنانی خۆمم خۆشدەوێ ، بەرەکەتی ئەوانە دەکەم کە نەفرەتم لێ دەکەن ، چونکە مەسیح ڕزگاری کردم و فێری کردم هەموو خەڵکم خۆشبوێ و ڕێزیان بگرم و نوێژیان بۆ بکەم ، هەموو خەڵك ... تەنانەت دوژمنانیشم .




Photo: www.sxc.hu – scol22

# دڵسۆز - ئافرەتێك كە سێ جار هەوڵی خۆكوشتنی داوە

**لەباتی حەزی تۆڵەسەندن و مافی خۆم بەدەستی خۆم ببەم , فێربووم چۆن لیبوردە بم و ببەخشم چونكە خودای خۆشویستن و سۆزم ناسی .**

لەگەڵ سەرەتای هۆشمەندی و تێگەیشتنم لەو ڕووداو و هەڵوێستانەی لەدەورم ڕوویان دەدا نەمدەزانی كە ڕاستیەك دەدۆزمەوە كە ئاپۆرەی ژیانی منی پێكهێنا ، بۆیە هەمیشە سیمای خەم و خەمۆكیم هەبوو ، ڕق لێبوون و كینە ، حەزی بەهێزی تۆڵەسەندن لە ئەوان و لە خۆم كە ڕقم لە خۆشم هەبوو بەهۆی ئەوان ... ئەو كاتە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە شەش ساڵان ، بەڵام ئەو شتەی كە لە ئەوانم زانی ، وای كرد هەست بە منداڵێتیێ لەدەست بدەم ، هەروەها حەزی ژیانم لەدەست دا .

من ناوم دڵسۆزە ، لە بەغداد لەدایكبووم بەڵام ڕەگەزی خێزانەكەمان دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان ، خێزانێكی گەورە بووین ، پێك هاتبوو لە چەندین خوشك و برا ، پلەی من نێوانیان دووەم كچ بووم . كاتێ لە تەمەنی شەش ساڵان دەستم كرد بە هۆشیاری زانیم كە من بوومەتە قوربانی خراپترین شت بەسەر هەر كچێك بێت ، كە باوكم ناچار بووە بمدات بە شوو بە خاڵۆزای خۆی كاتێ تەمەنم تەنها سێ ساڵ بووە !!! هەرگیز ئەو بیانووە لای من هۆكار نەبووە ، كە مامی گەورەم ویستی كچی خاڵی خۆی بهێنێت و پارەی نەبووە بۆ ئەو هاوسەرگیریە ، بۆیە بەڵێنی بە ماڵی خاڵی خۆی داوە كچە برازای خۆی بە كورەكەیان بدات !!! من قوربانیەكە بووم كە وەكو مارەیی درام بۆ ژنهێنانی ئەو . باوكم ڕازی نەبوو بەم ڕێككەوتنە ، بەڵام ناچار بوو ملكەچ بێت لەژێر فشار و سووربوونی مامم و هەوڵەكانی دایكم تاكو قەناعەتی پێ بهێنن ڕازی بێت . وەها بەم ئاسانیە مەراسیمی هاوسەرگیری بەپێی شەرع كرا بێ ئەوەی هیچ بزانم لەوەی ڕوو دەدات ، ئەم شتە كاریگەری توندی بەجێ هێشتە سەر ژیانم وەكو منداڵێكی بچووك ، ماوەی منداڵێتیم



بەسەربرد بە گیرۆدەبوونی ترس و خەمۆکی ، وە هەرجارێك ئەو گەنجە سەردانی ماڵی ئێمەی دەکرد من هەڵدەهاتم و خۆمم دەشاردەوە لەپێش چاوی کەس نەدەمام . لەگەڵ تێپەڕبوونی کات لە ناخمدا هەستێکی قووڵ لە ڕقبوون بەرامبەری پەیدا بوو، ڕقم لێ دەبوو و ڕقم لە مامم دەبوو کە هۆکاری ئالوودەبوونم بوو، هەروەها ماوەیە جارێك هەستم بە ڕقبوون دەکرد بەرامبەر بە دایك و باوکم ، ئەم هەستانە منی گەیاندە لەدەستدانی متمانە پێیان ، هێشتا تەمەنم نۆ یان دە ساڵان نەبووبوو کاتێ دەستم کرد بە دەمەقاڵێ و کێشەم دروست دەکرد و وڕکم دەبەست و گوێڕایەڵیم ڕەت دەکرد وەکو کاردانەوەیەکی سروشتی لەبەر ئەو هەموو خەم و خەمۆکی و لەدەستدانی هەستکردن بە ئاسوودەییە .

دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تاکو گەیشتمە تەمەنی چوارده یان پازده ساڵان کە ئەو گەنجە هات بۆ داوای تەواوکردنی

مەراسیمی ژنهێنان ، هەوڵم دا لەگەڵی قسە بکەم بۆ ئەوەی رەتکردنی خۆم دەرببڕم بەتەواوی بەتایبەت خۆیم رەت کردووە ، بەڵام ئەو گوێی لێ نەگرتم ، هەرەشەم لە باوکم کرد کە خۆم دەکوژم ، ئەوەیش بریاری دا یارمەتیم بدات بەوەی لێی ڕزگار بین بە پێدانی برە پارەیەك بۆ ئەوەی بتوانێ ئافرەتێکی دیکە بهێنێ ، خێزانم پارەی پێویستیان نەبوو بیدەن، فشاریان خستە سەرم بۆ ئەوەی قایل بووم بە شووکردن بە یەکێك لە خزمانی باوکم بۆ ئەوەی قەرزی سەر شانم بدەم . ملکەچی ئەو واقیعە بووم و قایل بووم بەوەی شوو بکەم بە یەکێك کە هەرگیز ئەو هاوبەشە ژیانە نەبوو وا خەونم پێوە دەدی بەڵام تاکو ڕزگارم بێت لە کێشەکان قایل بووم .



ژیانێکی سەختم بەسەر برد لەگەڵ هاوسەرەکەم و دوو کوڕم بوو ، ژیان سووڕا لەگەڵمان و کاتێك هات ڕووبەڕووی بارودۆخێکی سەخت بووین ناچاری کردین کۆچ بکەین بۆ وڵاتێکی ئەوروپایی ، جا لەوێش قۆناغێکی ئازاری نوێ دەستی پێ کرد وەکو رەفتاری توندرەو بەرامبەر خۆم و کورەکانم کە بە بەردەوامی لێیانی دەدا و سووکایەتی دەکرد بە ئەوان و بە منیش ، پاشان زانیم کە ناپاکیم لەگەڵا دەکات لەگەڵ ئافرەتێکی تر ، لەنێو ئەو بارودۆخە سەختە و بەرپرسیارێتی قورسە کە خرابووە سەر شانم ، خەمۆکیم زیاد دەبوو و دۆخم زیاتر خراپ دەبوو ، هەستم دەکرد من لە ژوورێکی تاریك دام ، دیوارەکانی و هەموو شتێکی تاریکاییە ، بێ هیچ تروسکەیەکی ڕووناکی و دەرگایەکیشی نیە لێی بچمە دەرەوە ، ئیتر چ هیوایەك و چ ئارەزووی ژیانێك هەبێت دوای ئەمە ؟ جا تووشی خەمۆکیەکی زۆر قووڵ بووم کە باوەڕ بە هەموو شتێك و هەر شتێکی لێ سەندم ، باوەڕم نەبوو

نە بەخودا ، نە بەمرۆڤ ، نە بە خودی خۆم و گرنگی هەبوونم ، ڕقم لە هەموو شتێك بوو ، بەڵکو ڕقم تەنانەت لە منداڵەکانیشم بوو ، خۆکوشتن تاکە دەربازگەی ڕزگاریم بوو . دوو جار هەوڵی خۆکوشتنم دا بە خواردنی دەرمان ، بەڵام پزیشکەکان ڕزگاریان کردم ، بەمشێوەیە بڕیارم دا جاری سێیەم بەشێوەیەکی جیاواز لەوانی تر خۆم بکوژم ، ئەوەبوو دەرچووومە نێو شار ڕێم دەکرد و بیرم دەکرد چۆن سنوورێکی کۆتایی بۆ ژیانی خۆم دابنێم ، لەوکاتەدا کە لەڕێگادا بووم ، بیرم دەکردەوە و نیازم ئەوەیە پلانەکەم جێبەجێ بکەم، کچەهاوڕێیەکی کونی خۆمم بینی ، هاوڕێیەکەم سەرنجی دایە ئەو شپرزەییە کە پێمەوە دیار بوو ، دانیشتین و زۆر باسمان کرد ، هەموو گیرۆدەکانی خۆمم بۆ هاوڕێکەم گێڕایەوە ، کاتێ تەواوم کرد پرسیاری لێ کردم : ئایا باوەڕت هەیە کە خودا دەتوانێ ڕزگارت بکات لە هەموو ئەم گرفتانە ؟ پرسیارەکەی منی هەژاند ، وەڵامم دایەوە بە پرسیارێکی دیکە : باسی چ خودایەك دەکەیت ؟ ئەگەر بەڕاست خودا هەبێت ، بۆچی وای کرد لە منداڵیەوە تا ئێستا ئازار بچێژم ؟ وەڵامەکانی هاوڕێیەکەم وای دەکرد بیر بکەمەوە ، بۆمی ڕوون کردەوە کە خودا هەوڵ دەدات یارمەتیم بدات و ئەو بارودۆخە خراپە کە تیایدا بووم لە خوداوە نەبووە بەڵکو لە دوژمنی چاکەوە بووە ، ئینجا وورده وورده ڕوونی کردەوە دەربارەی خوای ڕاستەقینە کە خودایەکی زیندووە ، خودای خۆشویستن و خودای لێخۆشبوون ، لەگەڵ کاتدا قسەکانی کاری تێ کردم و دەروونم دەستی بە باشبوون کرد دوای ئەوەی کە ئەم خودایەم ناسی ، لەگەڵیدا باوەڕ بە لێخۆشبوونی هەموو ئەو کەسانە کە خراپەم بەرامبەر کردوون دەستی پێ کرد و دەبێ کینەی نێو دڵم بەرامبەریان لابەرم، دەستم کرد بە دۆزینەوە و تێگەیشتنی ئەوەی کە ئەو کینەیە وا لە نێو دڵمدایە بەدرێژایی ساڵان بەرامبەر ماڵەوە و بەرامبەر ئەو مرۆڤەی کە لەگەڵیدا ژیاوم ئەوە هۆکاری ڕاستەقینە بوو بۆ هەستکردنم بە ئازار و ئێش و خەم و خەمۆکی ، وە لەباتی حەزی تۆڵەسەندن و مافی خۆم بەدەستی خۆم ببەم ، فێربووم چۆن لێبوردە بم و ببەخشم چونکە خودای خۆشویستن و بەخشینم ناسی .

ئەمڕۆش ، من زۆر سوپاسی خوداوەند دەکەم چونکە توانیم هەر کەسێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئازاری داوم و هۆکاری دڵتەنگیم بووە توانیم بیبەخشم ، باوکی خۆمم بەخشی ، دایکم ، مامم ، هەمو خەڵك ، تەنانەت هاوسەرەکەم کە ناپاك بوو بەرامبەرم ، لێی خۆشبووم . ئێستا دڵم پڕە لە ئاشتیەکی مەزن ، سوپاسی حەزرەتی مەسیح دەکەم کە دڵی بەردینی لێ بردم و دڵێکی نوێی پێ بەخشیم ، دڵێکی ئادەمیزادانە لە گۆشت و خوێن ، دڵێك هەست دەکات ، کینە و ڕقی تیادا نیە ، بەڵکو دەتوانێ هەموو خەڵکی خوشبوێ.



**« لێبوردن دیارییەکی گرانبەهایە لەگەڵ ئەوەش هیچی بۆ خەرج ناکەیت . «**

**بتی سمیت**


بۆ ئەوەی بتوانین لێبوردنی ڕاستەقینە
ئەنجام بدەین ، دەبێ یەکەمجار قەبارەی
لیبوردنی خودا تیبگەین .
Photo: www.sxc.hu – nighthawk7



**ژیانی خۆت بڕ بکە لە خۆشەویستی ، خودی خۆت لەبیر بکە و بەو شێوەیە رەفتار لەگەڵ خەڵك بکە وەکو ئەوی دەتەوێ لەگەڵت بکەن .**


پاداشت دانی خۆشەویستی بە خۆشەویستی کارێکی
مرۆڤانەیە و شایانی سوپاسگوزاریە ...
پاداشت دانی ڕقبوون بە خۆشەویستی کارێکی
خوداییە لە ڕۆحی مەسیحەوە هاتووە .

# موزەفەر

## ئەندازیاری بیناسازی

**لە میان ئەو پێنج رۆژە کە لەو شوێنە ترسناکەم بەسەر برد ، ژیانم بەتەواوی داڕووخا ... جا گۆڕام لە مرۆڤێکی ئارەزوومەند و سەرکەوتوو بۆ مرۆڤێکی داڕووخاو، پڕ لە کینە و تاڵی .**

دەتوانی بیر بکەیتەوە چۆن لە لووتکەی سەرکەوتن و چێژوەرگرتن لە دەستکەوتەکانت دا بیت ، لەپڕ هەموو شتێك وەربگێڕێت و هەموو ئەوەی بە ساڵانێك لە کار و تێکۆشان بنیاتت ناوە و کۆت کردووەتەوە بە چەند ڕۆژێك بیدۆڕێنیت؟



من ناوم موزەفەرە ، ئەندازیاری بیناسازیم لە بەغداد ، لە زانکۆ دەرچووم و لەگەڵ کۆمەڵێك هاوڕێی خۆم نوسینگەیەکی ئەندازیاریمان کردەوە ، دروشمی دەستپاکی لە مامەڵەکردن و کواڵتی لە کارکردن بوو ، لە ماوەیەکی کورت دا پڕۆژەکە پەرەی سەند و فراوان بووەوە ، بڕیارمان دا لەیەك جیا ببینەوە و هەر کەسێك نوسینگەی تایبەتی خۆی بکاتەوە . هەمان بنەما و هەمان سیستمی کارم پەیرەو کرد کە لەسەری ڕاهاتووم ، دیزاین و پرۆژەکانم جیاواز بوون و ناوبانگم نایاب بوو بۆیە سەرکەوتنێکی باشم بەدەست هێنا . وامدەزانی سەرکەوتنم بەهۆی ژیری و تێکۆشانی بەردەوامی منە ، خوداش هیچ ڕۆڵێك یان شوێنێکی تیادا نیە ، ڕاستە من باوەڕم بە خودا هەبوو بەڵام پەیوەندی کەسایەتیم لەگەڵیدا نەبوو ، سەرقاڵی کاری خۆم بووم و لەخۆبایی بووم بە سەرکەوتنەکانم ئیتر خۆمم ماندوو نەکرد بە گەڕان و قووڵبوونەوە لە ئاین کە وەکو بۆماوەم دانابوو نەك بژارکردن . دوای ماوەیەك ژنم هێنا و ژیانێکی ئارام و بە باشترین شێوەم بەسەر برد ، نەمدەزانی ڕۆژگار چیم بۆ هەڵگرتووە .

ژیانم بەردەوام بوو بەو ئارامی و ئۆقرەگرتنە تا ئەو ڕوژە هات کە بڕوام نەکرد لەوەی ڕوو دەدات ، کە دەستگیر کرام و برام بۆ دەزگای ئەمنی گشتی ، هەموو عیراقیەکان دەزانن کە چوونە نێو ئەو دەزگایە بەتایبەت هەمیشە واتا هەرگیز لێی دەرناچیت . شۆك بووبووم و نەمدەزانی چیم بەسەر دێت ، کارەکانم ناسراو بوون بە ووردی و دەستپاکی ، بەڵام زانیم کە من گیراوم بە تۆمەتی کڕینی کەرەستەی دزارو لە بازاڕ ، هەوڵم دا بەرگری لە خۆم بکەم و هەموو کەرەستەکان کە مامەڵەیان پێ دەکەم بە شێوەی شەرعی و فەرمی دەیکڕم ، بەڵام ئەوان دەرفەتیان پێم نەدا قسە بکەم و بەرگری لە خۆم بکەم ، ناوی هەندێ کەسیان هێنا کە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەم ، من دڵنیا بووم لە شەرعیەت و ڕێگەیاسایی مامەڵەکردنم لە کەرەستەکانی کار ، تەنها کەسێکیان نەبێ نەمدەناسی و ئەوەیش تۆمەتباری سەرەکی بوو لەم پرسەدا ، ئەم کەسە هەندێ کەرەستەی کڕیبوو لە سەرچاوەی نادیار و فرۆشتبووی بە چەند نوسینگەیەکی ئەندازیاری بێ ئەوەی بزانێ کە دزراون .

لەو پێنج ڕوژە کە لەو شوێنە ترسناکەم بەسەر برد ژیانم بەتەواوی داڕووخا ، خاوەن کەرەستە دزراوەکە هات کە دیار بوو کەسایەتیەکی بەناوبانگ بوو ، بەخۆی دەستی کرد بە بەڕیوەبردنی لێکۆڵینەوەکە ، تۆماتباری یەکەم بەتوندی ئەشکەنجەدرا و دانی نا بە هەندێ شتی ناڕاست و باس لە ژمارەی خەیاڵی کرد بۆ نرخی ئەو کەرەستانە کە بە نوسینگەکانی فرۆشتووە ، لێرەدا وتیان یان دەبێ پارەیەکی زۆر بدەین

بۆ ئەوەی لەو تەنگژەیە دەرمان بکەن ، یان جارێکی تر ڕووناکی نابینین . هیچ شتێکم لەپێش نەبوو لە ملکەچی زیاتر و قایل بووم بەوەی بڕە پارەیەکی ئێجگار زۆر بدەم کە زۆر لەوە زیاتر بوو وا هەمە . ئەم ڕووداوە گینەیەکی گەورەی لەدڵم پەیدا کرد بەرامبەر ئەو کەسە ، وای کرد پرسیار لە خودا بکەم : بۆچی ئەوە ڕووی دا ؟ من کە بە ڕاست و دروستی و دەستپاکی هەڵسوکەوت دەکەم ، بەمشێوەیە پاداشت بدرێم؟ ئەوە سزای منە ؟

ئەم ڕووداوە هاوسەنگی ژیانی منی هەڵەوگێڕ کرد ، گۆڕام لە مرۆڤێکی ئارەزوومەند و سەرکەوتوو کە وڵاتی خۆی خۆش دەوێ ، بۆ مرۆڤێکی داڕووخاو و پڕ لە کینە و تاڵی ، هیچم پێ نەکرا لەوە زیاتر وڵات بەجێ بهێڵم و کۆچ بکەم بۆ یەکێك لەوڵاتە ئۆرپیەکان . لە عیراق دەرچووم و هێشتا پرسیارم دەکرد بۆچی خودا ڕێگەی دا ئەو شتە ڕوو بدات لەگەڵم ؟ هەڵبەت هیچ وەڵامێکم نەبیست بۆ پرسیارەکەم چونکە لێی دوور بووم و پەیوەندی ڕاستەقینەم لەگەڵی نەبوو . گەیشتمە وڵاتە ئۆرپیەکە ، لە ماوەی یەکەم گیرۆدە بووم لەبەر زۆری کاتی بێ کاری ، دەگەڕام بۆ ئەو شوێنانە کە کاتی دەست بەتاڵی تیادا بەسەر بەرم ، ڕۆژێك بیستم کە کۆمەڵێك لە مەسیحیەکان هەن کۆ دەبنەوە بۆ خوێندنی کتێبی پیرۆز و پێکەوە نوێژ دەکەن، چووم بۆ یەکێك لە کۆبوونەوەکانیان بۆ حەزی زانین نەك ئارەزووی ناسینی خودا . لە کۆبوونەوەکە دا ئامادە بووم ، بینیم خەڵکانێکن بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کتێبی پیرۆز ڕاڤە دەکەن و باس لە بوونی خودا و ڕزگاریی حەزرەتی مەسیح دەکەن کە پێمان دراوە ، هەندێ بیرۆکە دەربارەی خودام بۆ هات . چیە ؟ وە مەسیح کێیە ؟ من کێم ؟ ئەم پرسیارانە وای کرد قووڵ بم لە ناسینی خودا ، هەروەها بیرکردنەوە لە هۆکاری بوونم لەسەر ئەم زەویەدا .

لە میان گەڕانی وورد ، گەیشتمە قەناعەتی تەواو کە بەڕاستی خودا بوونی هەیە و کوڕی خۆی نارد بۆ ئەوەی لەپێناوی من بمرێت و لە لەناوچوون ڕزگارم بکات ، هەروەها وەڵامی ڕەهام دۆزیەوە بۆ پرسیارەکانم ، ئەو دۆزینەوە نوێیە زۆرم بەدڵ بوو کە ژیانی منی گۆڕی و دووبارە پێکی هێنا بەپێی ئەو پەیوەندیە نوێیە کە پەیدا بوو لەگەڵ خودا . ڕۆحی پیرۆز چاوی کردمەوە بۆ تێگەیشتنی بیرکردنەوە و خواستی خودا بۆ ژیانم ، پەیوەندیم لەگەڵ خەڵك گۆڕا و بووم بە مرۆژێکی نوێ ، خۆشویست ، نیان ، نزیك لە خەڵك ، هیچ بەربەستێك لێم جیایان ناکاتەوە ، لەگەڵ هاوسەرەکەم بەردەوام بووین لە ئامادەبوونی

کڵێسا و خویندنەوەی کتێبی پیرۆز پێکەوە ، ژیانمان خۆشتر بوو و پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵك جوانتر بوو .

بەڵام من لەگەڵ ئەوەی ئەو ژیانە پیرۆزەم هەبوو ، هێشتا کینە و ڕقم هەبوو بۆ ئەو کەسە وا بوو بە هۆکاری زیندانیکردن و ئازاردانم ، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە ، نەمتوانی ئەو ڕووداوە لەبیربکەم ، داوام لە خودا دەکرد مافم بستێنێ و تۆڵەم بۆ بکاتەوە لەو کەسە .

تا جارێکیان کە نوێژی خوداوەندم دەکرد ، گەیشتمە ئەو دەستەواژەیە کە دەڵێت «لەگوناهەکانمان خۆش بە وەکو ئێمەش لە گوناهی ئەوانە خۆش دەبین کە هەڵەمان بەرامبەر دەکەن» (ئینجیلی مەتتا ٦:١٢) هەستم کرد قسەم وەکو کردەوەم نیە و ڕاستگۆ نیم لە نوێژکردنم ، چۆن داوای گوناهبەخشین لە خودا دەکەم بێ ئەوەی لەو کەسە خۆش نەبم کە خراپەی بەرامبەرم کردووە ؟ لێرەدا نوێژم کرد بۆ خودا و داوای هاوکاری ڕۆحی پیرۆزم کرد بۆ ئەوەی بتوانم لەو کەسە ببوورم و گوناهبەخشین تاقی بکەمەوە ، بەمشێوەیە بینیم مەسیح دڵی منی پاك کردەوە ، ئەو ئازار و تاڵیە کە لە دڵم دا بوو بە هۆی ئەو کەسە بوو بە لێبوردن و خۆشی . لەو کاتە زانیم کە خودا ڕێگەی دا ئەو ڕووداوانە ڕوو بدەن بۆ ئەوی دەرفەتم پێ بدات بیناسم و لەگەڵی دا ژیانی نوێ بەدەست بهێنم ، ڕاستە لە کتێبی پیرۆزدا دەفەرمووێ «هەموو شتەکان پێکەوە کاردەکەن بۆ ئەو کەسانەی وا خودایان خۆش دەوێ» (نامەی ڕۆما ٨:٢٨) .

## له ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی مەسیح :

**« دوژمنەکانتان خۆش بوێ . بەرەکەتی ئەوانە بکەن کە نەفرەتتان لێ دەکەن . چاکە بکەن بۆ ئەوانە وای ڕقیان لێتانە . نوێژ بکەن بۆ ئەوانەی خراپەتان بەرامبەر دەکەن. »**



**لە ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی مەسیح :**

**« کەس تاوانبار نەکەن تاکو تاوانبار نەکرێن . حوکم مەدەن تاکو حوکم نەدرێن . ببەخشن تاکو لەگوناهتان ببەخشرێت. «**



# ئەزهەر ئیبراهیم کەسوکاری مردنیان ڕاگەیاند کەچی خۆی زیندوو بوو

**کاتێ دڵی خۆمم کردەوە بۆ وشەی خودا دڵ و بیرۆکەکانی منی گرت و هێزی پێ بەخشیم بۆ ئەوەی لە خەڵك ببورم و وەکو خۆم خۆشیانم بوێ .**

قەد ڕووی داوە ڕۆژێك پرسە لە ماڵتان بێت و خەڵك دڵنەوایی دایك و باوکت بکەن بە مردنت ؟ وە هەموو ئەو شتانە بەچاوی خۆت دەبینیت ؟ زەحمەتە بڕوا بەو هەڵویستە بکرێت ، وانیە ؟ بەڵام ئەو شتە لەگەڵ من ڕووی دا.

من ناوم (ئەزهەر ئیبراهیم) ە ، عیراقیم ، سەر بە خێزانێکم کە پێکهاتووە لە چوار برا و دایك و باکم . لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستم کرد بەو شتە کە خولیای دڵم بوو ، ئەویش گەڕانە بەدوای خودا و بەدوای واتای ژیان بوو ، ئەو پرسیارانە کە لە ناخم دا بوو ئەمانە بوون : ئایا خودا بوونی هەیە ؟ پەیوەندی من بە ئەو چیە ؟ واتای بوون و نەبوونی چیە لە ژیانی من ؟ خوێندنەوەی کتێبیش ئامرازم بوو بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان . زۆر کتێبم خوێند کە منی کرد بە کەسێکی بەدین و پابەند بووم بە ڕاپەڕاندنی هەموو فەرزەکانی خوداپەرستن لە کاتی خۆی و بەشێوەی شەرعی .

کاتێك هات کە باوکم بڕیاری دا لە عیراق دەربچین ، چووین بۆ وڵاتێکی دراوسێ و لەوێ دا دەستم کردەوە بە خولیاکەی خۆم لە گەڕان بەدوای خودا ، هاوڕێی نوێم ناسی ، هەندێکیان مەسیحی بوون کە بانگهێشتیان کردم بۆ سەردانی کڵێسا منیش بانگهێشتەکەم قبووڵ کرد . بە پاڵنەری زانین چووم بۆ ئەوێ ، شۆك بووم کە بینیم خەڵك بە مۆسیقاوە ستایش دەکەن و گوێم گرت لە وتار و ئامۆژگاریەکان کە لێ ڕانەهاتبووم ببیستم، کەشێکی نامۆ بوو بەڵام ناوەزە بوو زۆر پێی دڵخۆش بووم. لەوێدا یەکەمجار بوو گوێم گرتبێ دەربارەی عیسای مەسیح و وشەکەیم بیست کە دەفەرمووێ «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان

من دەتانحەسێنمەوە« (ئینجیلی مەتتا ١١:٢٨) جا لە ناخم دا گرنگترین پرسیار پەیدا بوو کە چارەنووسی مرۆڤ دیار دەخات : دەبێ کێ بێ بتوانێ وەکو ئەم قسەیە بڵێت ؟ بەمشێوەیە پەیوەست بووم بە کەسی عیسای مەسیح و دەستم کرد بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و بۆم دەرکەوت کە باوەڕی ڕاستەقینە بە خودایەکی زیندوو دەبێت نەك بە وشە و هەڵسوکەوت و فەرزەکان .



خۆمم بینی کە دوای عیسا کەوتووم و گۆڕانکاری کردەییم بە خۆوە بینی لەسەر ژیان و داب و بیرکردنەوەم وەکو دەرئەنجامی بەرکەوتنێکی ئەو خۆشەویستیە کە لە ژیانی نوێم تاقیم کردەوە .

چووین بۆ وڵاتێکی ئۆروپایی ، ئیتر نەمتوانی باوەڕم بە مەسیح بشارمەوە ، بێگومان کاردانەوەی ماڵەوە ئەوە بوو منیان ڕەت کردەوە و نکۆڵیان کرد لە باوەڕم و فشیاریان خستە سەرم ، بە تەنیا مامەوە و بووم بە ڕەتکراو نێوان تاکەکانی خێزانەکەم، بەڵام من پەیوەست بووم بە باوەڕی خۆم و بانگهێشتم کردن بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە جا هەر سێ براکەشم بڕیاریان دا شوێنی ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی عیسا بکەون .



ئەوەش هەوێنی تووڕەبوونی دایك و باوکم بوو و ئێمەیان قاودا لە ماڵ ، شوقەیەکمان بەکرێ گرت لە جادەی بەرامبەر ماڵی خۆمان . ڕۆژێکیان ڕاوەستابووم لە پەنجەرە دەڕوانیم بینیم خەڵك دەچنە ماڵمان و دەردەچن ، پاشان زانیمان کە باوکم پرسەی بۆمان داناوە و مردنی ئێمەی ڕاگەیاندووە و لێمان تەبەڕا بووە. وە داواشی لەخەڵك کرد کە دەبێ تێکەڵمان نەبن و قسەمان لەگەڵا نەکەن و مامەڵەمان لەگەڵ نەکەن . ئەم ڕووداوانە زۆر ئازاربەخش بوون بۆ ئێمە و برینی قووڵ و یادەوری سلبی بەجێ هێشت لەنێو دڵمان ، بەڵام ئێمە بڕیارمان دا بەرەو پێش بچین لەو ئاپۆڕەیە کە دەستمان پێ کرد ، چونکە هەرگیز نەدەکرا مەسیح بەجێ بهێڵین کە ئەومان خۆش دەوێ و بڕیارمان دا دوای بکەوین .

زینجیرەی چەوساندنەوەکان دژی ئێمە بەردەوام بوو و لە سنوورێك ڕانەوەستا ، جنێودان و هەڕەشەکردن لە خزمانمانەوە دەهات پێش خەڵك ، ئازارەکان و هەستی سلبی لە هەموو لایەکەوە کۆ بووەوە ، ئەوە هەمووی وای کرد کە لە کەشێك لە تەنیایی بژیم و بوو بە هۆکاری بیرکردنەوەی بەردەوام لە ئازار و تاڵی ، جا بێزاریم دەربڕی بەرامبەر بە خودا و پرسیارم دەکرد : بۆچی ڕێگە دەدەیت هەموو ئەو شتانە لەگەڵم ڕوو بدات ؟ بۆچی هەست بە ئازارەکانم ناکەیت ؟ وا من تەنیا مامەوە ، ڕەتکراو ، گۆشەگیر ، هیچ دەرفەتێکم نیە بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆم بکەم و هەڵوێستی خۆم ڕوون بکەمەوە ، بەتێپەڕبوونی کات نارەزایی و بێزایرم بوو بە ڕقبوون لە خۆم لە خەڵك .

ڕۆژێکیان کە خەریك بووم کتێبی پیرۆزم دەخوێندەوە ، ئەو ئایتە کە دەڵێت کە وشەی خودا ڕۆح و ژیانە چاوی ڕووناك کردمەوە ، نوێژم کرد و داوام لە خوداوەند کرد ژیانم بگۆڕێ و برینەکانم ساڕیژ بکات، وەڵامەکەی لە کتێبی پیرۆدا بوو کە دەفەرمووێ «کاتێ دەوەستن نوێژبکەن ، ئەگەر شتێکتان بەسەر یەکێکەوە هەبێت لێی خۆش بن ، تاکو باوکیشتان ئەوەی کە لە ئاسمانە لە گوناهەکانتان خۆش بێت» (ئینجیلی مەرقۆس ١١:٢٥) ، جا پرسیاریم لێ کرد خودایە چۆن ؟ ئاسانە قسەکە بخوێنینەوە بەڵام چۆن بەجێی بهێنین ؟ وەڵامی دایەوە : نە بەهێزت نە بەتوانات ، نە بە خواستت نە بە توانینت ، بەڵام دڵت بە دەستی ڕۆحی پیرۆەوە بدە و من دەتگۆڕم و پڕت دەکەمەوە لە خۆشەویستیی خودایی ، جا بە ڕاستی لەو ساتەوە ئەو خۆشەویستیەم تاقی کردەوە ، هەروەها لەگەڵ ئەوەش توانای لێ خۆشبوون و لێبوردنم تاقی کردەوە بەرامبەر هەر کەسێك هەڵەی بەرامبەرم کردووە .

کاتێ دڵی خۆمم کردەوە بۆ وشەی خودا دڵ و بیرۆکەکانی منی گرت ، هێزی پێ بەخشیم بۆ ئەوەی لە خەڵك ببوورم و وەکو خۆم خۆشیانم بوێ .

لێنەربوردن دڕکییکە دڵت بریندار دەکات و خۆشی ئێستات لێ زەوت دەکات و ڕێگە لە بەرەکەتەکانی ئایندەت دەگرێت ، بەڵام لێبوردن بە ئازادی بەرت دەدات و ئاشتی دڵ و بیر و ڕۆحت پێ دەبەخشێت .


لەئامۆگارییەکانی
حەزرەتی مەسیح:
« حوکم مەدەن تاکو
حوکم نەدرێن . چونکە
بەو حوکمەی دەیدەن
حوکم دەدرێنەوە . بەو
پێوانە دەیپێون بۆتان
دەپێورێتەوە . »



**هەڵگرتنی لێنەبوردن**
**و تاڵی لە نێو دڵت دا**
**وەکو ئەوەیە ژەهر**
**بخۆیتەوە بە هێوای**
**ئەوەی ئەو کەسانە کە**
**ڕقت لێیانە پێی بمرن .**

Photo: www.sxc.hu – ateliersc

# فایزە - لە کوردستان

**١٨ ساڵم بە گیرۆدەبوون و ململانێ و ئازار بەسەربرد . بێ ئەوەی ڕزگارم بێت لە کینە و ڕقبوون ، بەڵام کە بڕیارم دا شوێنی ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح بکەوم و بەخشین و خۆشەویستی ئەوم تاقی کردەوە ، دڵی گرتم و هێزی پێ بەخشیم تاکو ببەخشم .**

ناوم (فایزە) یە ، لە کوردستان دام ، لە منداڵیەوە تووشی بارودۆخێکی سەخت بووم کە وای کرد ببم بە کەسێکی هەستیار و بریندارکردنی خەڵك بۆ من بە ئاسانی کاریگەری دەبوو لەسەرم بێ ئەوەی توانام هەبێت لێیان ببورم . مێردم کرد و چووم بۆ شارێکی تر ، هەستم بە خەم کرد لەبەرئەوەی دوور کەوتمەوە لە ماڵی باوکم ، ئەو شتەش کە خەمۆکی منی زیاد کرد کۆچکردنی کەسوکارم بوو بۆ دەرەوەی وڵات و جێیان هێشتم ، جا بووم بە نێچیری هەستکردن بە تەنیاییەکی کوشندە . تەنیایی تەنها خەمم نەبوو چونکە تیکەڵی خەم و گرفتی تر بووبوو ، کاتێ خێزانەکەم دەرچوون ڕووبەڕووی هێرشی توندی کەسوکاری هاوسەرەکەم بووم هەروەها براکانی کە منیان بە لاواز دەبینی و تانەیان لێ دەدام لەبەر ئەوەی تەنیا بووم، نە خێزانم بوو نە کەسێکم هەبوو لەم وڵاتە پشتی پێ ببەستم . قسەکانیان وەکو شمشێر بوو دڵی کون دەکردم ، حەزم دەکرد توانام هەبوایە تۆڵەیان لێ بکەم و خراپەکانیان بە توندتر بۆیان بگەڕێنمەوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکم نەبوو ، کەس نەبوو لەگەڵم بێت و کەسێك نەبوو بەرگریم لێ بکات .

لەناو ئەو دۆخە سەختە ، هیچ پەنایەکم نەبوو لە خودا زیاتر ، چاوم هەڵدەبڕیە ئاسمان و دەمووت : خوایە تۆ لەکوێیت ؟ بۆچی وام بەسەر دێت ؟ خودایە گوێم لێ بگرە چونکە لە تۆ زیاتر هیچ پەنایەکم نیە . پاشان ئەو کاتە هات کە خودا ڕزگاری کردم لەو دۆخە ، گەشتم کرد بۆ لای ماڵی باوکم و لەگەڵیان ئۆقرەم گرت و دۆخم باش بووەوە ، بەڵام نەمتوانی خراپەکانی کەسوکار و خزمانی هاوسەرکەم لەبیر بکەم، لە ناخی خۆمەوە ڕقم لێیان هەبوو ، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر مامەڵەکردنم لەگەڵ زۆربەی خەڵك ، هەرکەسێك بە وشەیەك یان بە کردەوەیەك بریندارم بکردایە ڕەتیم دەکرد و مامەڵەم لەگەڵ

نەدەکرد . کینە پڕ دڵم بوو ، بوو بە ڕێگر لەوەی لە کەسێك ببوورم کە خراپەی بەرامبەرم کردووە . بەڵام کاتێ خوداوەند عیسای مەسیحم ناسی و ئینجیلم خوێندەوە ، زانیم کە ئەو بڕیاری دا بەرەو لەخاچدان بڕوات بۆ ئەوەی گوناهەکانی ئێمە ببەخشێت ، لەسەر خاچدا مرد تاکو گوناهبەخشین و ژیانی تاهەتاییمان پێ ببەخشێت ، ئەم ڕاستیە مەزنە وای کرد بیر بکەمەوە و پرسیار بکەم : ئەگەر دروستکەری گەردوون دابەزی و بەرجەستەبوو و مرد لەپیناوی ئێمە ، ئیتر من کێم تاکو گوناهی خەڵك نەبەخشم ؟ ئەم لووتبەرزیە چیە گەر من تەنها خۆڵیکم؟



ئەگەر خوداوەند گوناهەکانی منی بەخشی ، دەبێ منیش گوناهەکانی خەڵك ببەخشم . بەمشێوەیە بڕیاری خۆمم دا وەکو کەسێك وێنەی عیسای مەسیح بداتەوە وا هەڵسوکەوتم کرد ، ئینجا پەیوەندیم کرد بە هەموو ئەو خەڵکانە کە ساڵانێك بوو پەیوەندیم لەگەڵیان دا بڕیبوو و ڕەتم کردبوون ، ئەوانیش هەستیان بە ئەو گۆڕانکاریە کرد وا لە ژیانمدا ڕووی داوە و زانییان و تێگەیشتن کە عیسای مەسیح کە قبووڵم کردووە ئەو هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەیە .

١٨ ساڵم بە گیرۆدەبوون و ململانێ و ئازار بەسەر برد بێ ئەوی بحەسێمەوە ، بێ ئەوەی ڕزگارم بێت لە کینە و ڕقبوون ، بەڵام کاتێ بڕیارم دا شوێنی ئامۆژگارییەکانی عیسای مەسیح بکەوم و بەخشین و خۆشەویستی ئەوم تاقی کردەوە ، دڵی گرتم و هێزی پێ بەخشیم تاکو ببەخشم، لەگەڵ مەسیح دا توانیم ئەو کەسانەم خۆش بوێ کە ڕقم لێیان دەبوو ، توانیم لێبوردە بم و یارمەتی ئەو کەسانە بدەم کە بەرامبەریان کینەم هەبوو .

# عەبدو ئیبراهیم

## حوکمی زیندانی هەمیشەیی درا



**حوکمی زیندانی هەمیشەیی درام و دونیا لەپێش چاوم تاریك بووەوە، چوومە نێو زیندان و هەستم بە تاوانێکی گەورە دەکرد چونکە من بکوژێك بووم و شایانم تەنها مردن بوو ، ژیانێکی بەئازار ژیام کە ناونیشانی ئێش بوو و ناوەڕۆکی پەشیمانی بوو لەوەی کردبووم ، بەڵام ئەو لە پشت کۆت و ئاسنەوە منی بینی و ژیانی ڕووناك کردم و واتای گوناهبەخشینی فێرکردم .**

ناوم (عەبدو ئیبراهیم) ە ، لە سەرەتای شەڕی عیراق و ئێران بەشێوەیەکی نا یاسایی کۆچم کرد بۆ وڵاتێکی ئۆروپی، کاتێ ئۆقرەم گرت بڕیارم دا ببم بە پیاوی کار و ئیشی بازرگانی چل چرا و کەلوپەلی ناوماڵم کرد . ساڵانێك تێپەڕی و کارم گەشەی کرد و لاساری و تاوانەکانیشم لەگەڵی دا گەشەی کرد ، هیچم بەجێ نەهێشت بۆ ئەم نەفسە کە داوای خراپە دەکات . بەمشێوەیە ژیانێکی دەوڵەمەندانە ژیام ، بە جۆرەها حەز وخۆشیەکانی ژیان ، تا ئەو شتە ڕووی دا کە ژیانی منی هەڵەوگێڕ کرد . یەکێك لەو کەسانە وا مامەڵەی بازگانیم لەگەڵی هەبوو ناکۆکیەك کەوتە نیوانمان لەبەر پارە ، جا منیش بانگهێشتم کرد لەگەڵ هەندێ برادەر بۆ ئەوەی یەکلایی بکەمەوە

لەگەڵی ، ناکۆکیەکەی نێوانمان زۆر توند بووەوە و نەمتوانی تووڕەیی خۆم ڕاگرم ، هەر ئەوەم زانی بە بێ هەست چەقۆیەکم کرد بە سینەی دا بە هەموو هێزێکمەمە . دواتر نەمزانی چی ڕووی دا ، کە ئەو کەسە کەوتە سەر زوی دەستبەجێ دوا هەناسەی دا ، ئەوەبوو بینیم لەنێو زیندان دام .

حوکمی زیندانی هەمیشەیی درام و دونیا لەپێش چاوم تاریك بووەوە ، چوومە نێو زیندان و هەستم بە تاوانێکی گەورە دەکرد چونکە من بکوژێك بووم و شایانم تەنها مردن بوو ، ژیانێکی بەئازار ژیام کە ناونیشانی ئێش بوو و ناوەڕۆکی پەشیمانی بوو لەوەی کردبووم ، هەمووان منیان بەجێ هێشت و کەس بایەخی پێ نەدام تەنانەت کەسوکاری خۆم کە منیان بە سەرچاوەیەکی شوورەیی دانا بۆ هۆزەکەمان ! چەند زۆر و درێژ بوون ئەو شەوانە کە بە فرمێسك ڕشتنم بەسەربرد تا ئاوی چاوم وشك بوو بەبێ هیچ سوودێك ، چەند لە نوستن دەپاڕامەوە تاکو بەزەیی پێم بێت و گیرۆدەکانم کەم بکاتەوە بەڵام نەدەهات ، وە هەرکاتێ بەزەییم دەستبکەوتایە و تەنها یەك دەقە چاوم دابخستایە ئەوا تارماییەکان دەهاتن و ئەو حەسانەوەیان لێ دەبردم و بە خراپترین دۆخ دەمامەوە ، هیچ چارەم نەما لەو دەرمانە خەوبەر و ئارامکەرانە نەبێ کە پزیشکی زینداکە بۆی دەنووسیم .

یەك ساڵ و نیو بەسەر ئەم حاڵەتەی منە تێپەڕ بوو ، ڕۆژێکیان بەیانیان بوو قەشەی زیندانەکە هاتە سەردانم کە ناوە ناوە دەهات سەردانی دەکردم بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە باری دەروونیم . لەو سەردانەیە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری لەگەڵ خۆی هێنابوو کە یەکێکیان ناوی «کتیبەکەم» بوو تیایدا ڕاگەیاندنێك هەبوو دەربارەی قوتابخانەیەك کە کتێبی پیرۆز فێردەکات . بڕیارم دا لەو قوتابخانەیە بخوێنم بە نامەناردن بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرم و شتێك بدۆزمەوە بیرکردنەوە لە کێشەکەم لەبیر بات . دەستم کرد بە نامەناردن بۆ ئەو قوتابخانەیە و کتێبی پیرۆزم خوێند ، دوای ماوەیەك خوێندنم تەواو کرد و نامەناردن بڕا . ڕۆژێکیان کە شتەکانی خۆمم ڕێك دەخست دووبارە ئینجیلەکم بینیەوە ، چونکە ماوەیەکی زۆر بوو لەنێو شتەکانم بەجێم هێشتبوو ، کتیبەکەم برد و لای سەری خۆمم دانا بەبێ مەبست و بیرکردنەوە ، ئێوارە دوای ئەوەی ڕۆژیکی ماندوکەرم بەسەربرد ، پاڵ کەوتم بۆ ئەوەی بحەسێمەوە دەستم دریژ کرد تاکو بینەمە ژێر سەرم کتێبە پیرۆزەکەمم دۆزیەوە . کتیبەکەم کردەوە بەبێ ئەوەی لاپەڕەیەك دیاری بکەم و چاوم کەوتە سەر ئەم ئایەتە «هەروەك چۆن موسا مارەکەی لە بیابان هەڵگرت بەمشێوەیە دەبێ کوڕی مرۆڤیش بەرز بکریتەوە تاکو ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە لەناونەچن بەڵکو ژیانی تاهەتاییان هەبێت» . ئەم ئایەتانە سەرنجی ڕاکێشام جا ئەو ئایەتەم خوێند کە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام «چونکە بەمشێوەیە خودا جیهانی خۆش ویست تەنانەت تاقە کوڕی خۆی نارد بۆ ئەوەی کەس لەناو نەچێت لەوانەی باوەڕی پی دەهینن بەڵکو ژیانی تاهەتاییان هەبێت» (ئینجیلی یۆحنا ٣:١٦) ئەم ئایەتانە سەرنجی

ڕاکێشام وای کرد بەدوای ڕاستی دا بگەڕێم ، جا قووڵ بوومەوە و تێگەیشتم ، خۆمم بینی کە ڕووبەڕووی خۆشەویستیی باوکانەی خودا بوومە کە لە کەسایەتیی عیسای مەسیح دایناوە . هەستم بە بارگرانی زیندان نەکرد وەکو جاران و ڕۆژەکان بەخێرایی دەڕۆیشتن کە من سەرقاڵی خوێندنەوە و بیرکردن لە ڕاستی بووم کە کەم کەم شێوەی لەپێش چاوم ڕوون بووەوە ، بەڵام هێشتا نەمدەتوانی بڕیار بدەم و باری خۆم یەکلا بکەمەوە . تا ئەو شەوە هات کە لەپێش دووڕێیان ڕاوەستام ، یان باوەڕ بە ڕاستی بکەم کە دۆزیمەوە و دڵی پڕ کردم ، یان نکۆڵی لێ بکەم و پشتی لێ بکەم و بەردەوام بم لەو ژیانە تاڵە کە لەنێو ئەو زیندانە بەسەرم دەبرد . ئەو شەوە چوومە سەر جێگام و ئینجیلم گرت و دەستم کرد بە خوێندنەوە ، ئەمجارەیان ئینجیلی یۆحەنام خوێند بەشی ٣٧ و ئەم وشانەم بینی کە خوداوەند عیسای مەسیح فەرمویەتی « ئەگەر کەسێك تینووی بوو با بێت بۆ لام و بخواتەوە ، هەرکەسێك باوەڕی بەمن بوو وەکو کتێب دەفەرمووێ ئەوا ئاوی زیندوو لە ناخی هەڵدەقوڵێت» ، کتێبەکەم بەست و هەستم بە خەمێکی زۆر کرد بەرامبەر حەزرەتی مەسیح کە خۆی کردە قوربانی لەپێناوی تاوانبار و دز و بکوژ و داوینپیسەکان ، کەچی خۆی بێ تاوان بوو و هیچ فێڵ و درۆیەك لە زاری نەبوو . دوای ململانێیەکی بیرکردنی زۆر نوستم بەڵام ئاسوودەیی و ئاشتیش دایپۆشیم بە خۆشیەك کە پێشتر تامم نەکردبوو . لەو شەوە کەسێك هاتە خەونم زۆر سپی بوو نەمتوانی ڕواڵەتی بناسم چونکە ڕووناکی دایپۆشیبوو ! دەرکەوت و پێی وتم باوەڕ بکەم بەوەی لە ئینجیل دا دەیخوێنم ، پرسیارم کرد تۆ کێیت ؟ وتی من یۆحەنام کە هەموو ڕۆژێك ئینجیلەکم دەخوێنیت . لە خەو ڕاپەڕیم و کاتژمێر نزیکەی سێی بەیانی بوو ، ئینجیلم کردەوەی و هەمان لاپەڕەم کردەوە کە پێش نووستن تیایدا دەمخوێند و دووبارە خوێندمەوە «ئەگەر کەسێك تینووی بوو با بێت بۆ لام و بخواتەوە« ئینجا ئینجیلەکەم بەست و بیرم بەسترابوو بەو وشە مەزنانە . لەو شەوەدا تێگەیشتم کە دەبێ من بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەم ، چاوم هەڵبڕیە ئاسمان ، یەکەمجار بوو لە ژیانم لە ناخی دڵمەوە قسە بکەم ، نوێژم کرد وتم : خودایە دەمەوێ ڕێگەم پێ پیشان بدەیت ، خودایە ببەخشە من کەسێکی بکوژ و تاوانبارم ... یارمەتیم بدە ، هاوکاریم بکە خودایە . ئەوە دواکاری من بوو لە خودا لەو ساتانە هەستم بە نەتوانی و لاوازی خۆم کرد .

پاشان نووستم و دیسان بۆ دووەم جار هەمان خەون و هەمان داواکردنم بینی کە یەکەمجار بینیم ، بەڵام ئەمجارە هەلم لەدەست خۆم نەدا ، کە بەیانی لەخەو هەستام بۆ ئەوانەی کە دەمناسن ڕامگەیاند کە من مەسیحم قبووڵ کرد وەکو ڕزگارکەرێك بۆ ژیانم دوای گەشتێکی درێژخایەن لە خوێندن و ڕامان .

دوای گەشتێك لە ململانێی سەخت و زەلیلیەکی زۆر و تاوانێکی مەزن ، میهرەبانیی خودا بۆ لام هات و بەرم کەوت بێ ئەوەی دیوارەکانی زیندان بتوانێ ڕێگری لێ بکات یان قەدەغەی لێ بکات لەوەی بگاتە تاونبارێکی

بكوژ بۆ ئەوی لە لەناوبردن قورتاری بكات . نەمدەزانی كە خودای ئاسمان هێشتا بە زیندوو من دەبینێت ، خەونیشم نەدەدی كە رۆژێك ناوازە وەكو ئەمڕۆ دێت ، ڕۆژێك كە ببم بە مرۆڤێكی نوێ ، بەڵام ئەوە ئەو خودا خۆشەویستەیە كە ڕۆژێك فەرمووی «من نەهاتووم پیاوچاكان بانگهێشت بكەم بۆ تۆبەكردن بەڵكو تاوانباران» (ئینجیلی مەتتا ٩:١٣) ، ئەمە بانگهێشتی ئەو بوو پێش دووهەزار ساڵ و تائێستاش ماوە .

**تا ئێرە چیرۆكی عەبدو ئیراهیم تەواو بوو ، ئەو پیاوە كە بكوژێكی تاوانبار بوو و لە كۆتاییدا بوو بە گەواهیدەرێكی مەزن بۆ هێزی بگۆڕی مەسیح و نیعمەتەكەی كە هەمووان دەگرێتەوە بەبێ جیاوازی . لەم چیرۆكەدا باڵاترین واتاكانی لێبوردن دەردەكوێ و گەوهەری بەخشین دیار دەدات .**

**هەندێ جار ئاسانە كە لەخەڵكی ببورین ، بەڵام ئەوەی بەڕاستی گرانە كە ئەگەر لەخۆمان ببورین . ڕەنگە ساڵانێكی درێژخایەن بەسەر بەرین بە گیرۆدەبوون و ئازاری ویژدان لەبەر ئەو تاوان و گوناهانە كە كردوومانە و ژیانمانی بە ڕەنگی ڕەشی بۆیاغ كردووە ، ئەو شتە كە ئازارەكانمان زیاتر دەكات ئەوەیە كە هەست دەكەین نەفرەتمان لێ كراوە و چارەنووسمان لەناوچوونە لە ئاگری تاهەتایی . بەڵام كە بە شوێنكەوتنی ئامۆگارییەكانی عیسای مەسیح تاقی گۆڕینی دڵ دەكەین ، ئەوا یەكەم شت گوناهبەخشین و لێبوردنی خودا تاقی دەكەینەوە ، ئەوەش یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی لەخۆمان ببورین ، جا دڵمان پڕ دەبێت لە ئاشتی و ژیانی ئازادی دەژین ، تەنانەت ئەگەر وەكو عەبدو ئیبراهیم لەنێو زینداندا بژین .**





Photo: www.sxc.hu – Colin Broug

**« به هه‌موو دڵتانه‌وه له هه‌موو گوناهه‌كانی خه‌ڵك ببورن ... له دڵتانه‌وه ببورن كه خودا ده‌یبینێت ، چونكه هه‌ندێ جار مرۆڤ له براكه‌ی خۆی ده‌بورێت به‌ڵام له دڵی ده‌مێنێته‌وه . »**

**ئۆگستینۆسی پیرۆز**







Photo: www.sxc.hu – blatje



**یەکێك لە پیاوە پیرۆزەکان فەرموویەتی :**

**بارسووکەکەمان پشتگوێ خستووە، ئەویش ئەویە کە سزای خۆمان بدەین ، بارقورسەکەمان هەڵبژاردووە ئەوەش ئەوەیە کە خۆمان پی تاوان دەکەین و خەڵکیش تاوانبار دەکەین .**



لەبیرت بێت کە لێبووردن
بەخشینێکە بەو کەسەی
دەدەیت کە هەڵەی
بەرامبەرت کرووە ..
بەڵام لەهەمان کاتدا
چارەسەرکردنی
نەخۆشینێکە بۆ
خۆت دەیکەیت .

# شەهرەزاد - ئافرەتێك لە باكووری عیراق

**خەسووم ستەمی لێ کردم و برینداری کردم ، هاوسەرەکەم بەرگری لێ نەکردم ، جا هەشت ساڵ لە چاڵاوی ڕقبوون و حەزی تۆڵەسەندنەوە ژیام .**



ناوم شەهرەزادە ، لە باکووری عیراق لەدایکبووم، مێردم کردووە و سێ منداڵم هەیە. پێش چەند ساڵێك لە حاڵەتێکی ئاژاوە دەژیام و دەمناڵاند بەدەستی زۆری کێشەکانم لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ خۆشم . گرفتە گەورەکەم خەسووم بوو کە ئازاری دەدام و برینداری دەکردم ، ئەوەی کە هەستکردنم بە ستەمکردنی زیاد کرد ئەوە بوو کە هاوسەرەکەم بەرگی لێ نەدەکردم ، پاڵپشتی و پشتگیریم نەدەدی لە هاوسەرەکەم لە کاتێکدا کە زۆر پێویستیم پێ بوو . ئەو ڕووداو و هەڵوێستانە زۆر کاریگەرییان بوو لەسەر دەروونم، ژیان بوو بە دۆزەخی ڕاستەقینە ، هەمیشە ئەو دیمەنەم لەمێشکی خۆم دووبارە دەکردەوە کە تۆڵەی خۆم

بکەمەوە لە هەموو ئەو کەسانەی کە ئازاریان داوم تاکو هەست بکەم بە ئاگری تۆڵەسەندن کە دەیانسوتێنێت ، بەڵام دڵپاکیم ڕێکەی نەدەدا بە کردەوە جێبەجێی بکەم .

ئەم حاڵەتە تا ماوەی هەشت ساڵ بەردوام بوو لەگەڵم ، هەوڵم دەدا بە پەنابردن بە خوێندنەوەی کتێبی کۆمەڵایەتی و دەروونی تاکو ڕزگارم بێت لە ڕقبوون و هەستی سلبی کە پڕی دڵم بووبوو ، بەڵام هیچ سوودێکی بۆم نەبوو ، ئینجا بریارم دا ڕوو لە ئایین بکەم بەڵکو شتێك بدۆزمەوە ، بەڵام ئەوەش کەڵکی نەبوو لە گەیشتن بە ئاشتیی دڵ کە بۆی دەگەڕام . ژیانم ئاسایی نەبوو ، دەگەڕام بۆ ڕزگاری لەکاتێکدا کە ژیانم دادەڕووخا لەنێو چاڵاوێکی قووڵ کە هیچ هیوایەك بۆ دەرچوونی نەبوو .

تا ئەو ڕۆژە هات کە هەندێ وتەم بیست کە عیسای مەسیح فەرموویەتی کە من بە تەنها پێغەمبەرێکی مەزن دەمناسی ، وشەکان دەیووت «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان من دەتانحەسێنمەوە« (ئینجیلی مەتا ١١:٢٨) ، دڵی گرتم و وەکو کایەك بوو کە خنکاو بۆ ڕزگاربوون دەستی پێوە دەگرێت . ئەم ئایەتە بچووکەی کتێبی پیرۆز کاری کرد لە گۆڕینی دڵم چونکە باوەڕم تاقی کردەوە دوای ئەوەی شوێنی ئامۆگارییەکانی کەسیح کەوتم ، ئەو کاتە بەڕاستی نەمدەزانی چی ڕوو دەدات ، بەڵام خودا ڕۆحێکی نوێ و ژیانێکی جیاوازی پێ بەخشیم ، وەکو بڵێی دوو چاوی نوێی بۆ دروست کردم کە خەڵکی بەشێوەیەکی جیاوزام دەبینی ، لەباتی ئەوەی وەکو شەڕانگێز بیانبینم کە متمانەم پێیان نیە دەستم کرد بەوەی خەڵکم خۆش بوێ ، چونکە عیسا کە هاتە نێو ژیانم وای کرد هەموو خەڵکم خۆش بوێ . ئەم خۆشەویستیە بە تەنها نەهاتە نێو ژیانمەوە بەڵکو لەگەڵیدا توانای لێبوردن و بەخشینی هەموو ئەو کەسانە کە ئازاریان داوم لەگەڵ خۆی هێنا ، توانیم هەموو ئەو کەسانە کە برینداری کردووم بیانبەخشم ، ئەو خوداوەندە کە لە گوناهەکانی بکوژ و سەرخۆش و داوێنپیس خۆشدەبێ ، دەتوانێ وا بکات خەڵکی لێیان خۆش بن . ڕەنگە پرسیار بکەن ، ئایا دوای ئەوە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بوویت کە ئازاریان داوی ؟ کاردانەوت بەرامبەریان چۆن بوو ؟ بەڵێ بەڕاستی چەندین جار ئەوانم بینی دوای ئەوەی مەسیحم تاقی کردەوە ، سەرسام بوون لە لێخۆشبوونم بۆ خراپەکانیان ، وە ئەو خۆشەویستیە کە بۆم دەرخستن ، ئەوانیش هەڵوێستیان بەرامبەرم گۆڕا و ئەوانیش بە خۆشەویستی ڕەفتاریان لەگەڵ کردم .

بەڵێ خوداوەند قەرەبووی هەمووساڵانی ئازار و خەم و بەدبەختیی کردم و لەبیرم کردن ، تەنها هەر کردارە گەورەکەی لەگەڵم لەبیرە و هەموو بەیانیانێك سوپاسی دەکەم چونکە من مردبووم و ئەو زیندووی کردمەوە و ئاشتی و هیوای پێ بەخشیم هەروەها بینینێکی نوێ بۆ ژیانم .

# سالم موراد - هێزی لێبوردنم تاقی کردەوە

**لە گوناهی کەسوکارمان خۆش بووین کە برینداریان کردین و بە قسەکانیان سوکایەتیان پێ کردین ، هەروەها لە گوناهی ئەو کەسانەش خۆش بووین کە کۆچیان پێ کردین و هەڕەشەی کوشتنیان داین ، هەروەها ئەو کەسانەش کە هێرشیان کردە سەر ماڵمان و لێیان داین و سوکایەتیان پێ کردین و ماڵیان دزین و ویستیان بمانکوژن .**

من ناوم (سالم موراد)ە ، لەدایکبووی بەغدام ، ژیانێکی سەختم بەسەر برد لەبەر باری کۆمەڵایەتی و ئابووریمان، لە خێزانێکی جووتیاری هەژار لە عیراق لەدایك بووم ، بە دژواری و سەختی خوێندنی زانکۆم تەواو کرد لە کۆلێژی کارگێڕی و دارایی چونکە کارم دەکرد و دەمخوێند لە هەمان کاتدا ، دوای دەرچوونم ژنم هێنا و سێ کچ و کوڕێکم بوو .

بە هۆکارێك ، ژیانم پڕ بوو لە خەم و بێ ئومیدی و داڕوخان و نیگەرانی ، چونکە دەگەڕام بەدوای شتێك هەستم دەکرد لێم بزر بووە و لەگەڵی ئاشتی دڵ و ڕۆحیشم بزر بووە ، نەمدەزانی ئەو شتە چیە بەڵام زۆر پێویستیم پێ بوو . ئەو شتە وای کرد بگەڕێم بەدوای کەسێك لەو دۆخە قورتارم بکات ، پەیوەندیم لەگەڵ زۆر خەڵك بەست بەڵام ئەو حەسانەوەم نەدۆزیەوە کە داوام دەکرد . دوای ئەوەی بێ ئومید بووم لە دۆزینەوەی وەڵام لای ئادەمیزاد ، دەستم کرد بە گەڕان لە کتێبەکان بەشکو وەڵامی پرسیارەکانم بدەنەوە و تێرئاوم بکەن لە تینوویتیم بۆ تاقیکردنەوەی ئاشتی ، بەڵام کتێبەکان هیچیان نەکرد تەنها ئەوە نەبێ منیان برد بەرەو بیرۆکە و فەلسەفەی زۆر زیاتر سەریان لێ شێواندم و بووم بە کەسێکی بێ ئاین کە باوەڕی بە هیچ شتێك نەبێت ، لەباتی ئەوەی بحەسێمەوە نیگەرانی و داڕوخانم زیاتر بوو ، جا بێ ئومید بووم لە ژیان و کێشەکان دەوریان لێ دام .



ڕۆژێکیان شتێك منی ڕاکێشا بۆ ئینجیل کە پێش بیست ساڵ کڕیبووم بەڵام تەنها هەر بەشێك بوو لە کتێبخانەکەم بێ ئەوەی بیخوێنم . ئینجیلکەم هێنا و دەستم کرد بە خوێندنی ، هەستم کرد من وشەی نووسراو ناخوێنم ، بەڵکو کەسێکە لەگەڵ ناخمدا قسە دەکات و ئەو شتەم پێ پیشان دەدات کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە بۆی دەگەڕام ، وشەکانی حەزرەتی مەسیحم خوێندەوە کە بانگهێشتی دەکردم «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان من دەتانحەسێنمەوە« پرسیارم لێ کرد: تۆ کێیت ؟ وەڵامی دایەوە: منم دڵنەرم و ڕۆح سووکم لە منەوە فێر بە حەسانەوە بۆ دەروونت دەدۆزیتەوە . (ئینجیلی مەتتا ١١ : ٢٨ ـ ٢٩)

ئەم وشانەم خوێندەوە و حەسانەوەم تاقی کردەوە کە بەدرێژایی ژیانی ڕابردووم بۆیم دەگەڕا ، هەستم بە ئاشتی و خۆشیەکی زۆر کرد کە لە ساڵانی ڕابردوو داوام دەکرد . وەکو کەسێك بووم شتێکی لە مێژەوە بزر کردبێت و ئێستا دۆزیەوە .

چۆکم دادا و گریام و بریارم دا هەموو ڕۆژانی ژیانم دا دوای ئەو دڵنەرم و ڕۆح سووکە بکەوم عیسای مەسیح . دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئینجیل ، هەموو ڕۆژێك وشەکانی دەروونمی چاك دەکردەوە و ئازادی دەکردم لە کۆتی خەمۆکی و نیگەرانی و داڕوخان ، ئەم کاریگەریە دیاری دا لەسەر رەوشت و رەفتارم لەگەڵ خێزانەکەم و ئەوانەی لە دەورم دا بوون . دوای ساڵێك لە گۆڕینم توانیم بە هاوسەرەکەم ڕابگەیێنم دوای ئەوی عیسا مامەڵەی لەگەڵ کرد بەشێوەیەکی پەرجووی لەرێگەی خەونەکان . ئەویش باوەڕی بە عیسا هێنا و پێکەوە دەستمان بە نوێژکردن کرد . دوای دوو ساڵ خوداوەند ڕابەرایەتی کردم بۆ کلێسایك کە باوەڕدارانی ناوازە بوون و زۆر شتیان فێر کردم ، جا خۆم خێزانم لەگەڵیان دا وشەی خودامان خوێند و فێر بووین و گەشەمان کرد لە ژیانی گوێڕایەڵی و باوەڕ بە مەسیح .

بەڵام ئەم گۆڕانکاریە ریشەکیە لە ژیان بە بێ تووشبوونی ئازار و تەنگانەی زۆر تێنەپەڕی ، کەسوکار و ناسیاوەکانمان ئێمەیان ڕەت کردەوە و جۆرەها باسی خراپیان دەربارەی ئێمەیان ووت ، هەروەها گیرۆدەی زۆر هەبوو بۆ منداڵەکانم کە بە سەختی خوێندنیان تەواو کرد .

دوای ئەو گۆڕانە وا لە عیراق ڕووی دا لە ساڵی ٢٠٠٣ ، ڕووبەڕوی هەڕەشەکردن بووین کە گەیشتە ڕادەی هەڕەشەکرن بە کوشتن ، ناچار بووین خانووی خۆمان بەجێ هێشت و چووین بۆ گەڕەکێکی تر ، دوای ئەوە زانیمان کە یەکێك لە گرووپە چەکدارەکان خانوومانی داگیر کردووە .

هەرچەند چووین بۆ گەڕەکێکی تر بەڵام کێشە و تەنگانەکان کۆتاییان نەهات ، ڕۆژێکیان گرووپێکی چەکدار هێرشیان کردە سەر ماڵە نوێکەمان و لێیان داین و پارەکانیان دزین و هەڕەشەی کوشتیان داین . لە ناوەڕاستی ئەو ترسە نوێژم دەکرد و داوای یارمەتی خوداوەند عیسای مەسیحم کرد کە ڕزگاری کردین لە مردن ، بەڵام ئەو ڕووداوە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر دەروونمان بۆیە بریارمان دا عیراق بەجێ بهێڵین .

تا ماوەیەك ئاشتیی ناخمان لەدەست دا ، ترس زاڵ بوو بەسەرمان ، بەڵام داوامان لە خوداوەند کرد کە فێری کردین لێبوردە بین و ببەخشین بەرامبەر هەر کەسێك کە خراپەمان بەرامبەر دەکات بۆ ئەوەی هێزی لێبوردنمان پێ بدات، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات توانیمان ئاشتی دڵ و رۆح بگەڕێنینەوە ، هەروەها رزگارمان بێت کینە و ڕقبوون بەرامبەر هەموو ئەو کەسانە کە بە قسە و بە کردەوە خراپەیان بەرامبەر کردین ، بێگانە بێت لە یان ناسیاو . لە گوناهی کەسوکارمان خۆش بووین کە برینداریان کردین و بە قسەکانیان سوکایەتیان پێ کردین ، هەروەها لە گوناهی ئەو کەسانەش خۆش بووین کە کۆچیان پێ کردین و هەڕەشەی کوشتنیان داین ، هەروەها ئەو کەسانەش کە هێرشیان کردە سەر ماڵمان و لێیان داین و سوکایەتیان پێ کردین و ماڵیان دزین و ویستیان بمانکوژن .

لێبوردنی هەمووانمان ڕاگەیاند ، بۆ ئەوەی چێژ وەربگرین لە ئاشتی دڵ و بیر و رۆح بە عیسای مەسیح .



## هۆنراوەیەکی سالم موراد

چەند دڵخۆشم کە دووبارە لەدایك بووم ... ئازاری لەدایکبوونیشم سەخت بوو

ڕۆح و جەستەمی پاکژ کردەوە و ... لەڕێگەی نوێبوونەوەم بەرز و نزم دەبم

لەڕێگادا درك هەیە ... تەختەداری شوورەییم لەبەر چاوم لاناچێت

بزماری خوێناوی ... هاوارێك هەموو چاخەکانی بڕی

لە ناخمدا نیشتەجێ بوو ... تەواو بوو .. تەواو بوو

هەموو خراپەکاریەك دڕا ... ئەوە کێیە بەرەو دڵم دێت ؟

لەباتی من ئازار هەڵدەگرێت ... لە غەریبیم دڵنەواییم دەداتەوە

لە تەنگانەم دا قورتارم دەکات ... لە بەدکاری دەمپارێزێت

فرمێسکەکان خۆشی بکەن ... خەمەکان هەڵهەڵە لێ بدەن

بێگومان عیسا دێت ... کۆمەڵان خۆشی بکەن

دڵتان بکەنەوە ... بۆ ڕاستیی نووسراو

ڕاستی لە هەموو چاخەکان دا دەسوڕێت ... بە مەسیح دەژین نەك بە بەدکاری


قوربانیدەر بەخیرا هاتە هانام ... کۆتەکانی کردمەوە و ئازادی کردم





« لێبوردن ئابووریی دڵە ... لێبوردن خەرجکردنەکانی تووڕەیی و نرخەکانی ڕقبوون و گیان لەدەستدانەکانت بۆ پاشەکەوت دەکات .»

**حەننا مۆر**



**له‌ ئامۆژگارییه‌كانی حه‌زره‌تی مه‌سیح :**

« هه‌ر كه‌سێك ڕقی له‌ برای خۆی بێت ئه‌وا بكوژه‌.
ئێوه‌ش ده‌زانن كه‌ بكوژ ژیانی تاهه‌تایی نیه‌ . «

**له ئامۆژگارییەکانی حەزرەتی مەسیح :**

« ئەگەر کەسێك بڵێ من خودام خۆش دەوێ و ڕقی لە برای خۆی بێت ئەوە درۆزنە . چونکە ئەگەر کەسێك برای خۆیی خۆش نەوێ کە دەیبینێت چۆن دەتوانێ خودای خۆش بوێ کە نایبینێت . »





**« لێبوردن**
**خەسڵەتی**
**قارەمانەکانە. «**

**ئەندێرا گاندی**

Photo: www.sxc.hu – scubadelic

# کۆتاییەك دەبێ بووترێ

ڕەنگە یەکێك لەم چیرۆکانە کە لەسەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا خوێندت وەکو چیرۆکی تۆ بێت ، چونکە بەڕاستی وەکو ئەو چیرۆکانە بەفراوانی باون ، هەرچەندە هەندێکیان ڕەنگە تاك و بێ وێنە بێت ( وەکو چیرۆکی دڵسۆز و لیزا و عەبدو ئیبراهیم بۆ نموونە ) ، بەڵام زۆربەی چیرۆکەکان ڕووداو و هەڵوێستی باو دەگێڕنەوە کە لەوانەیە تووشی هەریەکێکمان بیت لە ژیانت . زۆریش باوە کە من و تۆ وەکو تاڵب بین کە لە منداڵیەوە باوکی لەگەڵی توندوتیژ بوو و ئازاری دابوو ، هەروەها زۆریش لەوانیە چیرۆکی من و چیرۆکی تۆش وەکو چیرۆکی فایزە و شەهرەزاد یان ئەزهەر بێت ئەوانەی کە ئازار و ژانیان چێشت لەسەر دەستی کەسوکاریان . بەهەرحاڵ ڕەنگە کەسێك هەبێت هۆکاری ئازاردانی تۆ بێت و بەهۆیەوە دڵت بڕ بوویێت لە ڕقبوون و کینە ، هەروەها حەزی تۆڵەسەندن و حەق سەندن بەدەستی خۆت .

هەموو ئەو چیرۆکانە کە لەم کتیبەدا خوێندت ، باس لە ئەنجامی ڕووخێنەر دەکەن بۆ کینە و ڕقبوون کە بوون بە هۆکاری ڕوخاندنی خودی خاوەنەکانی پێش ئەوەی ببن بە هۆکاری ڕووخاندنی کەسانی تر ، بەڵکو هەندێ جار بوو بە هۆی مردن ، بەڵام لە کۆتایی هەموو چیرۆکەکان ، ئەوەی مایەی دڵخۆشییە ، کۆتاییەکان ئێجگار جودا بوون لەوەی کە ڕەنگە بەسەر ئەو کەسانە بهاتبایە ئەگەر بڕیاریان بدابا بەردەوام بن لە کینە و ڕقبوونیان . کۆتایی پێشبینیکراو و حەتمی چیرۆکی دڵسۆز مردن بوو ، سەعیدیش دەیناڵاند بەدەستی نەخۆشییە درێژخایەنەکان ، هەروەها موزەفەر و تاڵب ژیانێکی بێ واتا و بێ ئامانج دەژیان ، بەڵام شەهرەزاد و فایزە چارەنووسیان دەبوو بە نوقمبوونی خەمۆکییی قووڵ کە ڕزگاریان لێ نەدەبوو ، هەروەها ئەزهەریش دەمایەوە و دەیناڵاند لە تەنیاییەکی کوشندە . بەڵام ڕێڕەوی ئەو کەسانە بە تەواوی گۆڕا کاتێ خۆشەویستیی مەزن و نیعمەتی دەوڵەمەندی خودایان تاقی کردەوە ، وە ئەو تاقیکردنەوەیە وای کرد هێزی گۆڕین بدۆزنەوە کە یەکەم بەرهەمەکانی توانای لێبوردن و بەخشینی خەڵك بوو ، پاشان تاقیکردنەوەی خۆشی و ئاشتیی قووڵ .

## www.musamaha.com

یەك دۆزینەوە ژیانی ئەوانی برد بۆ گۆڕین ، هەروەها یەك بڕیار وای کرد چارەنووسیان جیاواز بێت و کۆتایی چیرۆکەکەیان خۆشی بێت .

داخۆ ... ئەو بریارەت دۆزیەوە ؟ ئایا تۆ ئامادەیت بۆ هەڵبژاردنی ئەوە ؟

ئەگەر حەز دەکەیت زیاتر بزانیت ، دەتوانیت بۆ ئەم ئیمێڵە بنووسیت :

contact@musamaha.com

هەروەها دەتوانیت سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەیت

www.musamaha.com

www.laii.org

www.talmazaonline.com

www.hayajadeda.com

(زانیاری کەسایەتی خۆت پارێزراوە)

Photo: www.sxc.hu – manitou